# ڕاڤەی نوێ

# لە سەر فەیلەسووفانی سیاسی مۆدێرن

## لە ماکیاڤێلییەوە تا مارکس

# Interpreting Modern Political

## Philosophy from Machiavelli to Marx

**ناوی کتێب: ڕاڤەی نوێ لە سەر فەیلەسووفانی سیاسی مۆدێرن**
**لە ماکیاڤیلیییەوە تا مارکس**
کۆکردنەوە و پیاچوونەوەی: ئالستر ئیدواردز ـ تاونزند جوڵز
وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی
بابەت: زانستی سیاسی
تایپ و دیزاین: وەرگێڕ
زنجیرە:
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن:
چاپی: یەکەم (ساڵی ٢٠١٣)
نرخ:
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کوردستان ـ سلێمانی
www.serdem.net
بۆ پێوەندیی بەشی زنجیرەی کتێب:
Kteb@serdem.net

.................................................

عنوان اصلی کتاب:

Interpreting Modern Political Philosophy from Machiavelli to Marx

Edwards, Alistair & Townshend, Jules. ٢٠١١

تفسیرهای جدید بر فیلسوفان سیاسی مدرن. ترجمه خشایار دیهیمی. نشر نی. ایران. تهران

١٣٩٠. شماره انتشار کتاب: ٧-١٨٣-١٨٥-٩٦٤-٩٧٨ شماره کتابشناسی ملی: ٨٩٨٨٨١٢

# ڕاڤەی نوێ

# لە سەر فەیلەسووفانی سیاسی مۆدێرن

## لە ماکیاڤێلییەوە تا مارکس

کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی

ئالستر ئیدواردز ـ تاونزند جوڵز

وەرگێڕانی

فەرشید شەریفی

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە ()

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

## ناوەڕۆک


پێشەکیی وەرگێڕی کوردیی .............................................................................. ٧

پێشەکیی وەرگێڕی فارسیی ............................................................................ ١١
پێشەکیی نووسەران (ئالستر ئیدواردز، جووڵز تاونزند) ...................................... ١٣
١ . ماکیاڤیلی (١٤٦٩ -١٥٢٧) مۆرین ڕەمزی ................................................ ٥٣
٢. هۆبز (١٥٨٨ -١٦٧٩) ئالستر ئیدواردز ....................................................... ٩١
٣. لۆک (١٦٣٢ -١٧٠٤) تیمۆتی کنیۆن .......................................................... ١٢٩

٤. هیۆم (١٧١١ -١٧٧٦) جان ساڵتەر .............................................................. ١٦٩

٥. ڕۆسۆ (١٧١٢ -١٧٧٨) ئالن ئۆپرلی ............................................................ ٢٠٣

٦. ئێدمۆند بورک (١٧٢٩ -١٧٩٧) دەیوید پی شاگرمەن ..................................... ٢٤٥
٧. کانت (١٧٢٤ -١٨٠٤) کاترین فلیکشۆ ......................................................... ٢٩١
٨. هێگڵ (١٧٧٠ -١٨٣١) ئانتۆنی برۆنز ........................................................... ٣٢٧
٩. میل (١٨٠٦ -١٨٧٣) جاناتان سیگلۆ ........................................................... ٣٥٩
١٠. مارکس (١٨١٨ -١٨٨٣) جوڵز تاونزند
................................................... ٣٩٥

سەرچاوەکان ........................................................................................ ٤٣٧

ئەم وەرگێڕانە بۆ:
هەموو ئە کەسانەی کە
ئەم وتەیەی «جان ستیوارت میل» دەیانگرێتەوە:

**«... وا باشترە سوقراتێکی ناڕازیی بین**
**وەک لەوەی گەمژەیەکی ناڕازیی بین...»**

## پێشەکی وەرگێڕی کوردیی

تیۆرە سیاسییەکان تا دێت زیاتر و فرەچەشنتر دەبن و خوێندنەوەش لە سەر تیۆرەکان و هەروەها تیۆرسیەنە سیاسییەکان و بە تایبەتیش فەیلەسووفە سیاسییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و خۆیان تازە دەکەنەوە. ئەم فەیلەسووفە سیاسییانەش کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هاتوون و خوێندنەوە لە سەر تیۆرەکانیان دەکرێت، وەک دیارە سەدان و بگرە هەزاران خوێندنەوەیان لە سەر کراوە و هێشتاش خوێندنەوەی تر هەڵدەگرن و تەنانەت ئەمڕۆکەش بەردەوام لە سەریان دەنووسرێت. ئەم ڕاڤە نوێیانەش بەشێکن لە تازەترین ڕاڤەکانی سەر ئەم فەیلەسووفە سیاسییە کلاسیکانە کە خۆیان بە هەندێک ڕەهەندی شاراوەی ناو بۆچوون و تیۆرەکانیانەوە سەرقاڵ دەکەن و پەردە لە سەر چەند لایەنێکی نادیاری بیر و ڕاکانیان هەڵدەدەنەوە.

ئەم کتێبە بە هیچ شێوەیەک ئەرکی فێرکارییەکی سەرەتاییانە ناخاتە ئەستۆی خۆی و، نابێ خوێنەر بە تەما بێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە دەرک و تێگەییشتن و زانیاریی تەواو لە سەر فەیلەسووفە بەرباسەکانی بە دەست بهێنێت، بەڵکوو وەک نووسەرانی کتێبەکەش ئاماژەیان پێکردووە، کتێبێکی ئێجگار جیدییە لە بوارەکەی خۆیدا و ئامانجیشی دەستەبەرکردنی نیازە جیدییەکانی خوێندکاران و توێژەرانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە. کەواتە کەسێک کە بە دوای وەرگرتنی زانیاریی لە سەر ئەم فەیلەسووفانەوە بێت دەبێ سەرەتا کتێبە بەراییەکانی تری خوێندبێتەوە و پاشان دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکات. واتە دەبێ زانیارییەکی سەرەتایی لە سەر ژیان و سەردەم و بیر و ڕاکانی ئەم فەیلەسووفانەی هەبێت و پێشتر پێیان ئاشنا بووبێت، ئنجا ئەم کتێبە دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ زیاتر تێگەییشتن لە تیۆرەکانیان.

له جێی خۆیدایه ئاماژه به دوو کتێبێکی دیکەش بکەم که هەر لایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوه چاپ کراون له ژێر ناونیشانی **قوتابخانه و ئەندێشه سیاسییەکان له کەوناراوه تا ئەمڕۆ** نووسینی گایتانۆ مۆسکا[١] و هەروەها **تێگەییشتنی تیۆره سیاسییەکان** نووسینی تۆماس سپراگێنز[٢]، که خۆی یەکێکه له سەرچاوەکانی ئەم کتێبەی بەردەستتان و لەو کتێبانەن دەتوانن لەم بوارەدا سوودبەخش بن و، ئەگەر خوێنەر لەم کتێبانەوه یان کتێبی تری هاوشێوەی ئەمانەوه دەست پێ بکات، به دڵنیاییەوه چێژی تەواوەتیی لەم ڕاڤه نوێیانەش وەردەگرێت و، ئاسۆی ڕوانینی کراوەتر دەبێت و زیاتر هەست به چێژی زانستی فەلسەفەی سیاسی دەکات.

هەر دوو نووسەری کتێبەکه خۆیان له بواری تیۆره سیاسییەکاندا خاوەن بیر و ڕان و، توانیویانه کتێبێکی تۆکمه و ڕێکوپێک بنووسنەوه و وەکوو خۆشیان دەڵێن تەنانەت یەکەم کتێبی لەم چەشنەیه له زمانی ئینگلیزییدا نووسرابێت و، کەواته دەشێت به چاوێکی وردبینانەترەوه لێی بڕوانین و، به دڵنیاییشەوه خوێنەر له کاتی خوێندنەوەیدا هەست به نوێبوونی ناواخنی کتێبەکه دەکات. منیش وەکوو هەوڵێک له بواری وەرگێڕاندا هەوڵم داوه بابەتەکان وەکوو خۆیان بگوێزمه بۆ ناو زمانی کوردیی و، خوێنەری "کورد"یش بتوانێت هەمان چێژی لێ ببینێت که لێی چاوەڕێی دەکات.

پێویسته ئاماژه بەوه بکەم ئەم کتێبه له بەر ئەوەی که کتێبێکی تازەیه، چ له زمانی ئینگلیزیی و چ له زمانی فارسییدا، وەرگێڕی فارس که بۆ خۆی یەکێکه له وەرگێڕه ناودار و به تواناکانی ئێران و چەندین کتێبی لەو بوارەدا وەرگێڕاوەتەوه، ناچار بووه چەند وشه و زاراوەیەکی تازەی بۆ دابنێت، بۆیه منیش له وەرگێڕانی کتێبەکەدا ناچار بووم هەمان کار بکەم و، له چەند پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێزیاندا (جەنابی خەشایار دەیهیمی) که بەوپەڕی ڕووخۆشیی و دڵفراوانییەوه وەڵامی پرسیارەکانی دامەوه و یارمەتیی دام، دوای هەندێک

---

[١] - ناونیشانی تەواوی کتێبەکه ئەمەیه: قوتابخانه و ئەندێشه سیاسییەکان له کەوناراوه تا ئەمڕۆ. نووسینی پرۆفیسۆر گایتانۆ مۆسکا و دکتۆر گاستۆن بۆتول. دەگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠١٢

[٢] - ناونیشانی تەواوی کتێبەکه ئەمەیه: قوتابخانه و ئەندێشه سیاسییەکان له کەوناراوه تا ئەمڕۆ. نووسینی تۆماس سپراگێنز. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی ٢٠٠٥

ڕاوێژکردن سوودم لە ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەکانیان وەرگرتووە. چوونکە (بە وتەی بەڕێزیان) هەندێک وشە و زاراوە هەبوون تەنانەت لە زمانی فارسییشدا هاوتایان نەبوو و، وەرگێڕی فارس ناچار بووبوو خۆی وشە و زاراوەی تازەیان بۆ دابنێت. منیش بە پێی ڕوونکردنەوەکانی بەڕێزیان هەوڵم داوە نزیکترین وشەیان بۆ دابنێم و لە ژێرنووسی لاپەڕەکاندا دامناون کە لێرەدا سوپاسیان دەکەم.

وەکوو دوا وتەش دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە هەموو ئەو نووسینانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە نووسراون و لە دەقەکەدا هاتوون، خراونەتە ناو ئەم کەوانانەنە [...] و، هەروەها ئەو ژێرنووسانەش کە لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە دانراون، بە کورتکراوەی (و.ک) دەسنیشان کراون و، ئەوانی تر هی خودی نووسەرن و، ئەوانەی وەرگێڕی فارسیش بە کورتکراوەی (و.ف) دەسنیشان کراون. وەکوو هەموو کتێبەکانی تریشم ڕێز لە هەموو ڕەخنە و سەرنج و بۆچوونێک دەگرم و ئامادەشم هەموو ڕەخنەیەک وەربگرم و بۆ جوانترکردنی کتێبەکە سوودیان لێ ببینم.

فەرشید شەریفی ـ هەورامان ٢٠١٢
Baran١٣٥٦@gmail.com

## پێشەکیی وەرگێڕی فارسیی

هەر دوو نووسەری کۆکەرەوەی ئەم کتێبە، لە پێشەکییە تێر و تەسەلەکەیاندا سەبارەت بە پێویستیی نووسینەوەی وەها کتێبێک و گرینگیی ناوەڕۆکەکەشی، ڕوونکردنەوەی پێویستیان کردووە، بەڵام ڕەنگە چەند ڕوونکردنەوەیەکیش بۆ خوێنەری کورد زمان[۳] سوودی خۆی هەبێت. یەکەم، ئەم کتێبە مێژووی فەلسەفەی سیاسیی بە مانا باوەکەی نییە و بە هیچ شێوەیەک وەک کتێبێکی بەرایی و سەرەتایی نایەتە ئەژمار. کەواتە خوێنەر بۆ کەڵکوەرگرتنی زیاتر و باشتر لەم کتێبە، دەبێ پێشتر ئاشنایەتیی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیی ئەو فەیلەسووفانەدا هەبێت کە لەم کتێبەدا باسیان کراوە. هەر چەند لە پێشەکیی هەموو بەشەکاندا پوختەیەکی بیر و ڕاکانی فەیلەسووفەکان خراوەتە ڕوو، بەڵام ئەمانە تەنها ئاماژەگەلێکی کورت و خێران و، بۆشایی خوێندنەوەی تەواوەتیی و تێر و تەسەلی بیر و ڕاکانی ئەم فەیلەسووفانە پڕ ناکەنەوە.

دووهەم، ئەم کتێبە تەنها ڕێخۆشکردنێکە بۆ خوێندنەوەی زیاتر و قووڵتری ئەو فەیلەسووفانەی تیایدا باسیان هاتووە و، خوێنەر هان دەدات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاڤە جۆراوجۆرانەی کە لەم چوار دەیەی دواییدا خراونەتە ڕوو. ئەگەر چی چەند سەدەیەک بە سەر بڵاوبوونەوەی بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەم فەیلەسووفانەدا تێ پەڕیوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن، نەک تەنها یەکدەنگییەگ لە مەڕ بیر و ڕاکانیان نەهاتۆتە گۆڕێ، بەڵکوو جیاوازیی بۆچوونەکان زیاتر و قووڵتریش بۆتەوە. هەر بەشێکی ئەم کتێبە بۆ خۆی سەربەخۆیە و هەر خوێنەرێک کە حەزی لە فەیلەسووفێک یان چەند فەیلەسووفێکی ناو ئەم کتێبە هەبێت و بیەوێت لێکۆڵینەوەی لە سەر بکات، دەتوانێت بە تەنها ئەو بەشە بخوێنێتەوە. سەرچاوە و ژێدەرەکانی کۆتایی کتێبەکەش ڕێنمایەکی زۆر باشە

---

[۳] - لە دەقی سەرەکیدا خوێنەری فارس زمان هاتووە و ئێمە گۆڕیمان بە کورد زمان. و . ک.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر و، پێشنیار دەکەم لە هەر بەشێکدا لە ڕێگەی پەراوێزەکانەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوانە.

هەروەها گەورەترین تایبەتمەندیی ئەم کتێبە ئەوەیە کە یەکەم، دەروازەیەکە بۆ بیر و ڕاکانی ئەم فەیلەسووفانە تەنانەت لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا و، دووهەم، ئاشناکردنمانە بە میتۆدۆلۆژییە نوێیەکان بە تایبەت میتۆدۆلۆژیی «قوتابخانەی کەمبریج» بە مەبەستی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی دەقە کۆنەکان، کە جگە لە دەق (text) ئاوڕ لە بەستێنی دەقیش[٤] (context) دەداتەوە.

هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێت وا لە خوێنەران بکات لەو سووک و ئاسان وەرگرتنە باوانەی تێپەڕێنن کە بە شێوەیەکی سواو و کلێشەیی لە سەر ئەندێشەکانی ئەم فەیلەسووفانە دەرخستە دەکرێن و، لە پێچوپەنا و ڕەهەندە ئاڵۆز و هەستیارەکانی بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسووفە سیاسییانە تێ بگەن.

خەشایار دەیهیمی

---

[٤] - واتە ئەو هەلومەرج و دۆخە زەمەنییەی کە دەقی تێدا بەرهەم هاتووە. و. ک.

## پێشەکیی
## ئالستر ئیدواردز، جوڵز تاونزند

ئامانجی ئەم کتێبە، دەساەبەۆکردنی پێویستییەکی گرینگی خوێندکارانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە: واتە پێویستیی دەست پێڕاگەییشتن بە ڕاڤەگەلی جۆراوجۆر لە سەر فەیلەسووفە مۆدێرنە گەورەکان ـ لە ماکیاڤیلییەوە هەتا مارکس ـ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر و و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزتریش دەبن. دەتوانین هۆکاری ئەم گەشەسەندنە لە ڕادە بەدەرە لە بواری ڕاڤەکاریی لەم سی ساڵە دواییەدا بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە زانکۆکان ڕەهەندی پیشەسازییان بە خۆوە گرتووە: پشتگیریی لە وەبەرهێنان[5] دەکرێت و بە پسپۆڕیبوون و ڕاڤەکردنی کار پەرەی سەندووە. بەڵام ئەم جۆراوجۆرییەی ڕاڤەکان دەرخەری شتێکی تریشە. هەموو ئەم بیرمەندانە بە خۆیان و بەرهەمەکانیانەوە، بە پێداگرییەکی تەواوەوە پێوەندیی خۆیان بە پرسە ئەمڕۆژییەکانەوە پاراستووە. هەر ئەوانیشن کە بەشێکی زۆری زمان و چەمکەکان، واتە توخمە پێکهێنەرەکانی گوتاری[6] سیاسی ئەمڕۆیان دابین کردووە. هەمووشیان تێڕوانینێکی قووڵ لە سەر ژیانی سیاسی بە دەستەوە دەدەن و، ئامادەکاریی بۆ خستنەڕووی هەندێک ئەرگۆمێنت دەکەن بۆ ڕوونکردنەوە یان ڕەخنەگرتن لە کردەی سیاسی و دەزگاگەلی حکوومیی و سیاسەتی گشتیی. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە تێڕوانینەکانیان بە هۆی هەندێک گریمانەی بۆماوەیی و چوارچێوەی تیۆریک و هەروەها ئەو جیهانە تایبەتانەی کە تیایاندا دەژیان، سنووردار دەکرێتەوە، دیسانەوە دەتوانین بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەندێشەکانیان لەگەڵ دۆخەکاندا بگونجێنین کە تیشکێک بخەنە سەر ویست و خولیاکانی [ئەم سەردەمەی] ئەمڕۆ. ئەم فەیلەسووفانە لە جیهانی ئایدۆلۆژیکی ئێمەدا بوونیان هەیە

---

[5] - production. و.ک.

[6] - دیسکۆرس. و.ک.

و، پشتگیریی له بەهاگەلێکی وەک ئازادیی کەسەسیی، دیمۆکراسی، ترادیسیۆن (سوننەت)، موڵکایەتیی، نەزم، کۆمبیریی[٧]، یەکسانیی و... دەکەن. ئەوان ئەمڕۆکەش ئیلهامبەخشن و، ڕێز و حورمەت و هەندێک جاریش ڕقی ئێمە دەورووژێنن، بەڵام هەرگیز ناتوانین سووک لێیان بڕوانین[و بە هەند وەریان نەگرین].

بەڵام خۆشویستن و شەیدابوونی بەردەوام بەرانبەر بەم فەیلەسووفە گەورانە و بەرهەمهێنانی ڕاڤەگەلێکی ئێجگار زۆر لە سەر نووسینەکانیان، لایەنێکی نەرێنیشی هەیە، بە تایبەت بۆ خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ ئەو دەق و ڕاڤەکارییانەدا ئاشنا دەبن. کێشەکە تەنها بەرزبوونەوەی پەیتاپەیتای ڕێژەی بابەتەکان نییە. کێشەکە لەوەدایە کە بابەتەکان تا دێت پسپۆڕانەتر دەبن. تا ئەم دواییانە، خوێندنەوەی ئەندێشەی سیاسی، پێویستی بە هیچ پێشەکییەکی تێر و تەسەل نەبوو. ئەو نامیلکانەش کە لە گۆڤارە پسپۆڕییەکاندا چاپ دەکران، تەنانەت بە دەست ئەو خوێندکارانەش دەگەییشتن کە تازە دەستیان کردبوو بە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە گەورەکان. لە ڕاستیدا ناونیشانی نامیلکەکانی خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس لە ناونیشانی ئەو نامیلکانە دەچوون کە چاوەڕێیان لێ دەکرا کەڵکیان لێ وەربگرن. کەواتە ئەگەر خوێندکارێک پرسیاری بکردایە: «بۆچی هەمووان هەر ئەم پرسیارانە سەبارەت بە دەقەکان دەکەن؟» وەڵامەکەی ئەمە بوو: «چوونکە ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە لە هەناوی ئەم دەقانەوە بە مێشکدا گوزەر دەکەن و هەر ئەمانەش پرسیارە سەرەکییەکانی سیاسەتن». ئەگەر هەر ئەم پرسیارە لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا ئاراستە بکرێت، وەڵامێکی پارێزکارانەتری پێ دەدرێتەوە، چوونکە پرسیارەکان پاڵێوراوتر و تەکنیکییترن و، چەقی گرینگیپێدان تیایاندا بچووکتر و بەرتەسکتر بۆتەوە و پێویستیان بە زانیارییەکی زیاتر هەیە. ئەمڕۆ دەکرێت وەڵامی ئەم

---

٧ - ئەم وشەیە وەرگێڕانی Communitarian ە کە بە واتای کۆمەڵە خەڵکێکە کە خاوەنی بیروڕا و بۆچوون و حەز و ئارەزووگەلی هاوشێوە و چوونیەکن. ئەمەش تەواو دوورە لە وشەی کۆمەڵ یان کۆمەڵگا کە لەخۆگری هەموو جۆرە خەڵکێکە و لە هەموو جۆرە بیر و ڕا و ئەندێشە و ڕوانگە و حەز و ئارەزووی جۆراوجۆری تێدایە. من وشەی «کۆمبیریی»م بۆ داناوە کە دیارە پڕ بە پێستی ئەو زاراوەیەش نییە، بەڵام لەوە تەواوترم بۆ نەدۆزییەوە. و. ک.

پرسیارە ئەمە بێت: «چوونکە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا بەدواداچوون بۆ کۆمەڵێک پرسیاری زۆر کراوە و، ئێمەش کاتێک خۆمان بە وەڵامەکانیانەوە خەریک دەکەین کە ئێوە بە قەدەر پێویست ڕێگە جۆراوجۆرە تاقیکراوەکانتان خوێندبێتەوە«.

ئەم کتێبە ـ کە یەکەم کتێبە لە جۆری خۆیدا ـ بەم مەبەستە نووسراوە کە بە پوخت و کورتکردنەوە و هەڵسەنگاندنی جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان وەڵامە ڕاڤەییەکان، ئەم وەڵامە لەو حاڵەتی ترسناک و تۆقێنەرە دەرباز بکات.

## پەرەسەندن و بەرفراوانبوون لە ڕاڤەکارییدا

بەبێ گوێدانە پێویستییە دەزگایی و پیشەییەکان لە قەڵەمڕەوی زانکۆدا، گومان لەوەدا نییە کە ئەم پەرەسەندنەی توێژینەوە لە مێژووی ئەندێشەی سیاسی مۆدێرندا تا ڕادەیەکی زۆر قەرزاری جموجۆڵ و هەوڵەکانی «قوتابخانەی کەمبریج» و مامۆستاگەلێکی وەک کۆئنتین سکینەر، پیتەر لاسلێت[٨]، جان دان، جان پۆکاک و ئەوانەی تریشە کە بۆ تێگەیشتنی ئێجگار مێژووییانەی بیرمەندان، پێوەرگەلێکی[٩] تازەیان لە بواری ئاڵۆزێتییەکانی میتۆدۆلۆژیکدا داهێنا. زیاتر لە سی ساڵ پێش ئێستا، کۆئنتین سکینەر بانگەشەی ئەوەی کرد گریمانەگەلێکی هاوبەشی[١٠] دۆزیوەتەوە کە بوونەتە هۆی قبووڵکردنی ناڕاستەوخۆی ڕوانگەگەلی «ئۆستوورەیی» درۆیین سەبارەت بە فەیلەسووفانی سیاسی[١١]. لە هەمووی گرینگتر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وا دادەنرا کە هەموو نووسەرە گەورەکان سەر و کاریان لەگەڵ هەمان ئەو پرسە هەمیشەییانەدا هەبووە کە هەر کامەشیان ئەندێشە تایبەتەکانی خۆی سەبارەت بەو پرسانە دەربڕیوە. جیا لەمەش لێکۆڵینەوە لە سەر بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گەورانە، بە قەدەر پێویست تێگەیشتنی مێژوویی لەگەڵدا نەبووە. زۆر جار یان بەستێنی مێژوویی نادیدە دەگیردرا و بە جۆرێک چاو لە دەق دەکرا کە وەک بڵێی هیچ کات و شوێنێکی

---

٨ - Laslett.

٩ - Parametr. و.ک

١٠ - مەفروزاتی موشتەرەک.

١١ - skinner, ١٩٦٩

نییە، یان کاتێکیش کە بەستێنی مێژوویی لە بەر چاو دەگیردرا، تەنها گرینگیی بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان دەدرا و، هیچ بایەخ بەوە نەدەدرا کە ئایا ئەم گۆڕانکارییانە، بابەتی وتووێژ و مشتومڕە سیاسییە کردەییەکانیش بوونە یان نا.

ئەم ڕادەربڕینە بەراییانەی سکینەر بێ وەڵام نەمانەوە. ئەم ڕادەربڕینانەی سکینەر، یان لە ڕادە بەدەر لێبڕاوانە و گشتگیر بوون، یان بە هۆی بەدحاڵیبوون لێیان، لۆمەکەرانەتر لەوە هاتنە بەر چاو کە سکینەر مەبەستی بوو. بەڵام هەر چۆنێک بێت بایەخیان پەیدا کرد و خاڵە لاوازەکانیان لە قاو دا. ئێستا کە چاو لە ڕابردوو دەکەین، پێدەچێت بواری فەلسەفەی سیاسی، چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراوی بۆ ڕاڤەکردن نەبووە، تەنانەت کۆدەنگییەکی میتۆدۆلۆژیک لە پێوەندیی بە مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ئارادا نەبووە. لانیکەم لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا، دەسەڵاتی فەلسەفەی شیکارانە ڕێگر بووە لە بەردەم بەدیهاتنی وەها شتێکدا. بەڵام بەوپەڕی وردبینیی و بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە تاوتوێ دەکران. زۆر جار کاتێکی زۆر بۆ پۆلێنکردنی دووبارەی ئەرگۆمێنتەکان تەرخان دەکرا کە زۆر زیاتر لەو کاتە دەبوو کە نووسەرە سەرەکییەکان بۆ نووسینی دەقی سەرەکیی تەرخانیان کردووە. بێگومان کاتێکی زیاتر بۆ دەقە نووسراوەکانی سەر لاپەڕەکان[واتە دەقە سەرەکییەکان] تەرخان دەکرا، نەک بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بەستێنە مێژووییەی کە ئەو دەقانەی تێدا نووسراوە. پێدەچێت ڕوانگەی میتۆدۆلۆژیکی سەرەکیی ئەوە بووبێت کە بێگومان دەبێ نووسەرە گەورەکان و دەقەکانیان مانایەکی تەواو و یەکپارچە بە دەستەوە بدەن یان هەر چۆنێک بووە دەبێ وەها مانایەکیان لێ هەڵکرێنرێت. وەک ئۆکشات دەڵێت، ئەم ڕوانگەیە وای دادەنێت کە سادەبوون و یەکپارچەیی، هەمان بایەخی لە ڕابردوودا هەبووە کە بەرهەمێکی فەلسەفیی ئەمڕۆ هەیەتی[١٢].

دیارە ئەم بوارە بە تەواوەتیش دوور نەبووە لە ڕوانگەگەلی میتۆدۆلۆژیک یان ورکەگەلی مێژوویی. ئارتۆر لاوجۆی پێشنیاری کرد مێژووی ئەندێشەکان لە «یەکەکانی ئەندێشە« بنیات بنرێت: واتە وێنەکان و ئەو گریمانە دووپاتکراوانەی کە لە شێوەگەلی جۆراوجۆر و بە درێژایی سەدەکان تێکەڵ بە یەکدیی دەبن و

---

١٢ - Oakeshott, ١٩٦٠, p.il and p. lviii.

دووباره تێکەڵ بە یەکدیی دەبنەوە[١٣]. لێڤی شتراوس[١٤] پێشنیاری کرد دەبێ لە نووسینە فەلسەفییەکاندا بە دوای توێژێکی شاراوەدا بگەڕێین، توێژێک کە نووسەران بە ئەنقەست حەشاریان داوە، چوونکە هەم لە بەردەم هەڕەشەی لێپێچینەوە و ڕاوەدووناندا بوونە و هەمیش ترسیان هەبووە لە مەترسییەکانی کەڵکوەرگرتنی ڕەشۆکییانە(عامیانە) لە حەقیقەت: نووسەرە گەورەکان بە کەڵکوەرگرتن لە هێمایەکی تایبەتی، واتا و مەبەستە ڕاستەقینەکەیان شاردۆتەوە[١٥]. سی. بی. مەک فرێسۆن دواتر بوو بە ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەکان، بەڵام خۆی دەستی بە هەوڵدانێکی جیدیی کرد بۆ پۆلێنکردنی نووسەرە گەورەکان لە بەستێنی گریمانەگەلێک کە سەردەمەکانیان نوقمی ئەو گریمانانە بوو[١٦]. لەوە بەرفراوانتریش مایکل ئۆکشات نووسەرانی لە هەناوی ئەو ترادیسیۆنگەلەدا پۆلێن کرد کە لە سنوورە ئایدۆلۆژیکە باوەکانیان تێ دەپەڕاند و، هەنگاوێکی لە پێناوی ئامادەکاریی مێژوویی دروست خستە ڕوو[١٧]. بەڵام جموجۆڵی سەرەکیی، لە شێوازێکی بە ڕواڵەت سادەدا هاتە ئاراوە. پیتەر لاسلێت بەدواداچوونی بۆ "**دوو نامیلکە سەبارەت بە حکوومەت**"ی جۆن لۆک کرد هەر لە کاتی بڵاوبوونەوەیان لە ساڵی ١٦٩٠ ەوە تا کاتی نووسینیان، کە لانیکەم دە ساڵ زیاتر دەبوو[١٨].

لە پڕێکدا خوێندنەوەی دەقێکی تەوەریی بەڵام هەمیشە زەحمەتدار گۆڕانی بە سەردا هات: ڕاڤەکاران لە مانایەکی بنەڕەتییدا ئەم دەقەیان بە هەڵە ڕاڤە کردبوو. دەقێکی لەم چەشنە، کە لە دوای ١٦٨٨ واتە لە دوای شۆڕشی شکۆدار، نووسرابوو، جۆرە پاساوهێنانەوەیەک بوو بۆ ئەو بارودۆخەی لە ئارادا بوو. هەر ئەم دەقە، کە دیار بوو زۆر پێشتر لەوە نووسراوە، دەقێکی شۆڕشگێڕانە و هەروەها بانگەوازێک بووە بۆ شۆڕشی چەکداریی. ئەم پێداگرییە بنەڕەتییە لە سەر واقیعییەتێکی مێژوویی، هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ وەرچەرخانی توێژینەوەی

---

[١٣] - Lovejoy, ١٩٥٦, pp. ٣- ٢٣

[١٤] - Levi Strauss. و.ک.

[١٥] - strauss ١٩٥٢, chapters ١ and ١١; strauss, ١٩٥٣, pp. ٢٠٦- ١١, pp. ١٤٦- ٧

[١٦] - Mackpherson, ١٩٦٢, pp. ٤- ٨.

[١٧] - Oakeshhott, ١٩٦٠.

[١٨] - Laslett, ١٩٦٠, ١٩٩٨.

ئەندێشەی سیاسی بە ئاراستەی گرینگییدان بە ڕەوتی مێژوویی. هەر چەند ماوەیەکی خایاند تاکوو ئەم پەیامە بە تەواوەتیی ببیسترێت، بەڵام گرینگییەکی زۆری هەبوو لە بواری هاتنەئارای گۆڕانکارییەکانی دواییدا، بۆ ئاوڕدانەوە بە بەستێنی مێژوویی.

ئێستا چیدی ئەوە ڕوون بووبووە کە تێگەییشتنی ئێمە لە سەر ئەو دۆخەی کە دەقێک تیایدا نووسراوە، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر تێگەییشتنمان لە سەر ئەو دەقە هەیە و، بە تایبەت لەو ڕووەوە کە »زمان« دەکرێت چەقبەستوو نەبێت و بە تێپەڕینی زەمەن گۆڕانی بە سەردا بێت. ئەم هەستە ڕوو لە زیادبوونە کە ئەگەر دەقەکان بە گوێرەی سەردەمی نووسینیان بخوێنینەوە و بە هەڵگری هەندێک وەڵام بۆ پرسیارگەلێکی قووڵی مێژوویی تایبەت بە خۆیان لە قەڵەمیان بدەین، پێویست بوو بە شێوازی توێژینەوەکاندا بچینەوە. دوو بەرهەمی سەرەکیی لە بواری توێژینەوە لە سەر ئەندێشەکاندا، گۆڕانکارییەکی خێرایان لەم بوارەدا هێنایە ئاراوە.

جان پۆکاک ئەم تیۆرەی خستە ڕوو کە دەبێ ئەندێشەی سیاسی بە «زنجیرەیەک گوتار[١٩]» لە قەڵەم بدەین کە هەڵگری ژمارەیەک زمان یان زاراوە (ئیدیۆم)ی[٢٠] پارادایمییە[٢١]. هەموو پارادایمێکیش ئامرازگەلی زمانیی تایبەتی بۆ دەربڕینی ڕوانگە سیاسییەکان هەیە، بەڵام بە ئارەزووی خۆی ئەو دەربڕینانە ئەنجام دەدات. زمانە پارادایمییە جیاوازەکان، ڕوانگەگەلێکی جیاواز لە سەر ژیانی سیاسی بە دەستەوە دەدەن و دەربڕینی هەندێک پرس بەم زمانانە ئاسانتر لە پرسەکانی دیکەیە[٢٢]. ئەم قسەیە ئێجگار زۆر بە شتێکی ئەبستراکت دێتە بەر چاو. بەڵام پۆکاک هاوشێوەی زۆربەی داڕێژەرانی ئەم جۆرە ئەندێشانە، ئەندێشەگەلێکی ئۆبژێکتیڤ(عەینی)تری لە سەر پرۆسە کردەییەکان هەبوو. دوو پارادیمی سەرەکیی

---

[١٩] - دیسکۆرس. و.ک.

[٢٠] - لە وەرگێڕانەکانی پێشووترمدا زۆر جار لە بری «زاراوە» کەڵکم لە تێرم یان ئیدیۆم وەرگرتووە، بەڵام هاتوومەتە سەر قەناعەتە کە چیتر دەبێ «زاراوە» بۆ ئەم مەبەستە جێگیر بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە. و.ک.

[٢١] - paradigm؛ نموونە .و.ک.

[٢٢] - Pocock, ١٩٨٥, pp. ١- ٣٤.

بە سەر ئەندێشەی مۆدێرندا زاڵ بوونە: یاسای سروشتیی[٢٣] و کۆماریخوازیی کلاسیک(یان «ئۆمانیزمی مەدەنیی»). هەر کام لەم دوو پارادایمە، زمانی جیاواز و ورکەگەلی جیاوازی خۆیان هەبووە. یاسای سروشتیی، دابینکەری سەرەکیی گوتارێکی سیاسی بووە کە خەمی سەرەکییشی پشتگیریکردنی ماف و ئازادییە کەسەکییەکان بووە و، تاک بە لایەوە گرینگترین شت بووە. ئۆمانیزمی مەدەنیی، هەندێک بەهای تریش نیشان دەدات: شارۆمەندیی؛ ئازادیی مرۆڤی ئازاد بۆ بەشداریکردن لە قەڵەمڕەوی مەدەنییدا؛ گەشەپێدانی خەسڵەتە چاکە مەدەنییەکان بە هۆی بەشداریکردنەوە[٢٤].

ڕەنگە سکینەر زیاتر لە ژێر کارتێکردنی نموونەکەی "لاسلێت"دا، بابەتەکەی تا ڕادەیەک جیاوازتر خستە ڕوو: دەبێ ئەرکی ئێمە ئەوە بێت کە «مەبەستەکانی نووسەر» بناسین. ئەم پێشنیارە، بەدحاڵیبوونی لێ کەوتۆتەوە. پێدەچوو ئەمە پاڵپێوەنانێک بێت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی سۆبژێکتیڤ(زەینیی)ی نووسەراندا. بەڵام لە ڕاستیدا پێشنیارەکەی سکینەر هێندەش دوور لە پێشنیارەکەی پۆکاک نییە. سکینەر داوامان لێ دەکات هێزی «دەربڕین»ی[٢٥] نووسەر بناسین و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لەوە تێ بگەین کە نووسەر لە کاتی نووسینی دەقدا چی کردووە، نەک ئەوەی کە نووسەر بە مەبەستی گەیشتن بە چ شتێک دەقەکەی نووسیوە(هێزی دەربڕین). بۆ نموونە ڕەنگە حەکایەتێکی خەیاڵیی سەبارەت بە پاشایەکی دڵڕەق و لەخۆبایی بگێڕمەوە. من ڕەنگە چەندین مەبەستم هەبێت بۆ کاریگەریدانان لە سەر خوێنەرانم. ڕەنگە بمەوێ ڕق و بێزاریی ئەوان لە هەمبەر دەسەڵاتی ملهۆڕ بورووژێنم، یان ڕەنگە تەنها بمەوێ بیانهێنمە پێکەنین. بەڵام مەبەستی من و ئەو شتەی کە من بە دوایەوەم، ورکە(خولیا)ی سەرەکیی مێژوونوسی ئەندێشەکان نییە. ورکەی سەرەکیی ئەو، ناسینی مەبەستی من لە نووسینی ئەم حەکایەتەیە. ئایا وا نییە؟ یان [پێتان وایە] خەریکم تەنز دەنووسم! (با بۆ چرکەساتێک بگەڕێینەوە لای لاسلێت: ئایا من دەمەوێ خەڵک لە قبووڵکردنی ئەو دۆخەی تیایدان دڵنیا بکەمەوە، یان بە گژ ئەو

---

٢٣ - natural law .و.ک

٢٤ - Pocock, ١٩٨٥, pp. ٣٧- ٥٠.

٢٥ - illocutionary force

دەسەڵاتەدا دەچمەوە کە لە ئارادایە؟). هەوڵ دەدەم پێوەندیی لەگەڵ خوێنەرانمدا دروست بکەم، کەواتە نووسینەکەم دەبێ دەرخەری ئەوە بێت کە بە پێی ئەو گرێبەستە زمانییە جۆراوجۆرانەی کە بە سەر دەربڕیندا زاڵن، ئایا هەوڵەکانی من بە فلاَن ئاراستەدا دەڕۆن، یان بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەوە؟ کەواتە چەقی سەرەکیی گرینگیدان، لە کەسی نووسەری تێ دەپەڕێنێت و بە بەستێنێکی بەرفراوانتری زمانیی دەگات کە لەو بەستێنەدا هەندێک گرێبەست بەدیی دەکەین کە ڕێگەمان دەدەن جیاوازیی قایل بین لە نێوان دەربڕینی ڕاستەوخۆ و نووسینی تەنزدا. هەروەها ئێمە خۆمان دەستەویەخەی پرۆسەیەکی نەرێنیی دەبینینەوە کە سڕینەوەی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە نووسەر نەیتوانیوە ئەنجامیان بدات و دەق لەگەڵ هیچ جۆرە دەربڕینێکی لە پێش داڕێژراوەوە لەگەڵ وەها کردەیەکدا نایەتەوە. ئەو نموونەیەی لاسلێت باسی دەکات لەو ڕووەوە زۆر سادە و سانایە کە تەنها بە گۆڕینی مێژوو(ڕێکەوت)ی نووسین، ڕای ئێمە لە هەمبەر دەربڕینێک کە لە ناو دەقدا هەیە دەگۆڕدرێت. زۆرێک لە ئاڵترناتیڤەکان بەم ئاسانییە لە کۆڵ نابنەوە. زۆر جار دەبێ زمانی ئەو سەردەمە بخەینە بەر لێکدانەوە و شیکارییەوە تاکوو ئەو بەشە لە ڕاڤەکان کە لەگەڵ مەبەستی نووسەردا یەک ناگرنەوە، ـ چوونکە بە دڵنیاییەوە خوێنەرانی ئەو سەردەمە نەیاندەتوانی وەها مانایەک بخەنە پاڵ ئەو دەقە ـ جیا بکەینەوە و بیانخەینە لاوە.

ئەم کارانە لە پێناوی ئامادەکاریی مێژوویيدا زۆر بە نرخ بوون. هەر چەند بانگەشەکانیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ «واتای» دەقەکاندا، ڕەنگ و بۆنێکی گرووپخوازانەیان هەبوو، چوونکە چیدی بیرکردنەوە تەقلیدییەکانی تیۆرە سیاسییەکانیان وە لا دەنا، بەڵام زۆربەی کات بەرگریکارە سەرەکییەکانی، هەوڵیان دەدا بانگەشەکانیان تەنها ڕەهەندە مێژووییەکانی ڕاڤەکاریی بگرێتەوە و ڕێگا بۆ حەز و ئارەزوو و خولیاکانی دیکەش بە ئاوەڵا بهێڵنەوە، بە واتایەکی دیکە -وەک دەڵێن - با گوڵەکانی تریش بپشکوێن. زۆرێک لەو درز و کەلێنانەی کە لە ئارادا بوون پڕ بوونەوە: سکینەر سەبارەت بە پرۆسەی کامڵبوونی ئەندێشەی «دەوڵەت» لە ئیتالیای سەردەمی «ڕێنسانس»دا؛ پۆکاک سەبارەت بە دەستووری

بنچینەیی[٢٦] کەونارا و سەردەمی ماکیاڤیلیایی؛ پۆلێنکردنی ورکە سیاسی و فکریی و ئایینییەکانی هۆبز و لۆک لە سەردەمەکەی خۆیاندا لە لایەن سکینەر، تولی، تاک و "دان"ەوە. ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە زیاتر لە هەموو شتێک و بە جۆرێکی بنەڕەتیی سەبارەت بە ئەندێشەکانی سەدەی هەژدەهەم هەستی پێ کرا کە تاوتوێکردنی وردبینانە و لە پرسیار گلاندنی نووسەرانێکی وەک دەیوید هیۆم و ئادام سمیت، کە لە یەکەم ڕوانیندا پێدەچوو حەزێکی ئەوتۆیان لە بەهاگەلی کۆماریخوازانەی کلاسیک نییە، دەری خست کە ئەوان تا ڕادەیەک کەڵک لەم زمانە وەردەگرن، بەڵام بە گشتیی لە هەمبەر ڕەخنەکاندا داکۆکیی لە کۆمەڵگای بازرگانیی مۆدێرن دەکەن.

بە گشتیی دان بەوەدا نراوە کە وەها جموجۆڵگەلێک کێشە و گرفتەکانیان چارەسەر کرد. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک کێشە و گرفتی تریان بە دوای خۆیاندا هێنا. یەکێک لەو کێشە و گرفتانە ئەوە بوو کە دەبێ بە شێوەیەک چاو لە نووسەر بکرێت کە وەک بڵێی لە نێوان پارادایمە زمانییەکاندا لە جووڵەدایە. زۆر جار بە سادە و سانا لە قەڵەمدانی پارادایمێک، بە کردەوە کارێکی مەحاڵ بووە. ئەمە پرس و کێشەیەکە دەبێ لە ئاستێکی باڵاتردا پێوەی سەرقاڵ بین و تێڕامانی لە سەر بکەین. بەڵام لە بەردەستترین پرس و کێشە ئەوەیە کە ئەم جموجۆڵانە دەستڕاگەییشتن بە باس و خواست و مشتومڕ سەبارەت بە دەقەکانیان ئەستەمتر کردووە. نەک تەنها ئەرگۆمێنتەکان لە سەر بنەمای مەدلوولگەلی ئاڵۆزی واتایی و میتۆدی گونجاو بوون، بەڵکوو پێویستیش بوو ناسینێکی بەرفراوانی مێژوویيان لە سەر هەبێت بۆ بەکارهێنانیان لە پێوەندیی لەگەڵ پرسیارگەلی ڕاڤەکارانەی ئۆبژێکتیڤتردا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین هەر گرینگییەکیش کە »قوتابخانەی کەمبریج« لە بواری توێژینەوە لە سەر ئەندێشەی سیاسیدا هەیبوو و هەشیەتی، دیسانەوە خوێنەر لە درێژەی هەر ئەم کتێبەدا ئەوە دەبینێت کە هەندێک چوارچێوەی تری ئاڵۆزی ڕاڤەکارانە هاتوونەتە ئاراوە کە لە هەندێکیاندا بەستێنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، گرینگیی زیاتری هەیە و لە هەندێکیشیاندا پاڵنەری دەروونناسانە(سایکۆلۆژیکیی) و لە هەندێکیشدا تەنها و تەنها خودی دەق. کەواتە ئەم ئاراستە فرەچەشنانە، پرسیارگەلی ترسناکیش دێننە ئاراوە و

---

[٢٦] - Constitution؛ یاسای ئەساسی — یاسای بنەڕەتی. و.ک.

پێویستیی وەها کتێبێک بۆ کەسانێک کە تازە هاتوونەتە ناو ئەم بابەتانەوە زیاتر دەکات، بۆ باس و مشتومڕگەلی زیندوو و بایەخدار.

## پێکهاتەی ئەم کتێبە

ئێمە بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان کەڵکمان لە شێوازێکی دیاریکراو وەرگرتووە: پێشەکیی، پرسەکان و مشتومڕەکان، بۆچی ڕاڤەگەلی جیاواز؟ ڕاڤەگەلی جیاواز؛ دواجاریش هەڵسەنگاندن. لە پێشەکییدا پێگە و گرینگیی نووسەر بە پێی ئەو شتانەی کە بە لایەوە گرینگن ڕوون دەکرێتەوە و، باسی ئەو بەستێنە جۆراوجۆرانەش دەکرێت کە تیایاندا ئەندێشەکانی ئەو نووسەرە گەشەیان کردووە و دەرکەوتوونە و، دیمەنێکی گشتیی لە سەر ئەندێشەکانی بە دەستەوە دەدرێت، بەبێ ئەوەی کە بمانەوێت گیراوە و پوختەیەکی چڕوپڕ و تەواوەتیی ئەو ئەندێشانە بخەینە ڕوو(بۆ ئەم مەبەستە دەبێ خوێنەر هەندێک کتێبی دیکەش بخوێنێتەوە).

[هەروەها ئەم کتێبە] پرس و باس و خواسی ئەو دژوارییە سەرەکییانەی کە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا خۆ دەنوێنن، لە گەڵاڵەیەکی گشتیدا پێشکەش دەکات، دژواریگەلێک کە ڕێگە بۆ هاتنەئارای ڕاڤەگەلی جۆراوجۆر خۆش دەکەن. لە هیچ تیۆرێکی سیاسیدا ناتوانین لە کاتی خۆخەریککردن بە پرس و کێشەکانەوە هیوایەتی ئەوەمان هەبێت بە شەفافییەتێکی تەواوەتیی بگەین، یان بەرەوڕووی هیچ ناڕوونیی و تەمومژێک نەبینەوە. لە ڕاستیدا وەک لە قسەکانی پێشوومانەوە دەردەکەوێت، زۆربەی زۆری دژوارییەکانی سەر ڕێگەی تێگەییشتنی دەقەکان، لە کەلێن و درزی ناو چاوەڕوانییە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوە دەگرن. هەموومان بە پرسیارگەلێکی ناو مێشکمانەوە بەرەوڕووی جیهان دەبینەوە و کەواتە هەندێک لایەنی جیاوازی جیهان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا گرینگ دێتە بەر چاومان.

## بۆچی ڕاڤەگەلی جیاواز؟

هەندێک لە وەڵامەکانی ئەم پرسیارە لە هەناوی بەشی پێشوودا هەڵدەقوڵێن. تەمومژ، دەرەنجامی ناکۆکییە. بەڵام ناڕێکەوتن [و نایەکدەنگیی]، هەندێک سەرچاوەی تریشی هەیە. هەموو خوێنەرێک لە ڕاستیدا ڕاڤەکاریشە: ئێوە، من و هەروەها نووسەرانی ئەو کتێب و وتارانەش کە بەرەوڕوویان دەبینەوە.

ڕاڤەکاران هەمیشە پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراو و تایبەت بە خۆیان بە سەر ئەو بەرهەمەدا دەسەپێنن کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەن. ئێمە بە تەنها دەقەکان ناخوێنینەوە، بەڵکوو مەبەست و ئامانجێکمان لە خوێندنەوەیان هەیە و هەندێک خاڵی دیاریکراومان لە مێشکدایە. بۆ نموونە بیر لەم خاڵە بکەنەوە. ئێوە کە خوێندکارن، لە کاتی خوێندنەوەدا بە هۆی پرسیارگەلی ناو نامیلکەکان و چەمکە فێرکارییەکان و پرسیارە هەستیار و گرینگەکاندا بەرەو پێشەوە دەڕۆن. دواتر حەز و ویستی خۆشتانی تێکەڵ دەبێت. هەر لە بەر ئەوەشە کە ئێوە توێژینەوە لە سەر دەقەکان دەکەن. ڕاڤەکارانی دەقەکان، هاوشێوەی خودی نووسەرانی دەقە سەرەکییەکان حەز و ویستەکانی خۆشیانی تێوە دەگلێنن. سەرەکیترین حەز و ئارەزوو، بە باوەڕی ئێمە، حەز و ویست و ڕێبازە سیاسییەکەی خۆیانە. هەندێک جار پێدەچێت ڕاڤەکاران ڕێبەرایەتیی جۆرە جەنگێکی ئایدۆلۆژیک دەکەن. بۆ نموونە دەتوانین لە بواری توێژینەوەیەک لە سەر ڕۆژئاوادا کاریگەریی پەرچەکردارییەکانی بەرانبەر بە تۆتالیتاریزم بە ئاشکرا ببینین. هەندێک ڕاڤەکار و لە هەمووشیان بە ناوبانگتر کارڵ پۆپەر، فەیلەسووفانی سیاسییان بە »منداڵە باشەکان» و «منداڵە خراپەکان» دابەش کردووە (بە تایبەت لۆک، هیۆم، بورک، کانت و جان ستیوارت میل) چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە هۆی دژایەتیکردنیان لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی هەڵقوڵاوی نەقشە و پلانە ئەبستراکتەکانەوە، دەوری زۆریان لە گەشەسەندنی لیبراڵیزمدا هەبووە. «منداڵە خراپەکان» تۆوی دیکتاتۆرییەت و سەرکوتیان چاندووە، کە سەرپەلیان ئەفلاتوون بووە و لە ڕێگەی ڕۆسۆ و هێگڵ و مارکسەوە پەلکێشی سەردەمی مۆدێرنیش کراوە.

هەروەها ڕاڤەکاران دەرکیان بەوە کردووە کە لەوانەیە پاڵەوانەکەیان کەموکورتییەکی هەبووبێت و، کەواتە بە یارمەتی «زاراوەگەلی» تیۆریکەوە بە هانایەوە ڕۆشتوونە تاکوو ئەرگۆمێنتەکانیان پتەوترو پشتڕاستتر بکەن. ئەمە بە تایبەت سەبارەت بە کەسانێکی لیبراڵی وەک میل و بە ڕادەیەکی کەمتریش سەبارەت بە لۆک ڕاستیی لە خۆ دەگرێت. ئەوانەی کە خوازیاری پاڵەوانگەلی ڕادیکاڵ بوونە، لە کاتی شیکاریی و لێکدانەوەی ڕۆسۆ و "مارکس"دا وەها هەوڵێکیان داوە. بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک کاڵتر، هەندێک لە ئەندێشەکانی ئەم بیرمەندانە بە قەرز وەرگیراوە تاکوو یارمەتییەک بێت بۆ چارەسەرکردن یان

شیکردنەوەی پرسگەلی سیاسی هاوچەرخ. ئاشکراترین نموونە لەم ڕووەوە "مارکس"ە کە ڕەخنەگری دیمۆکراسیی سەرمایەدارانەی لیبراڵیی بوو. کەڵک لە **نامیلکەی ئازادیی** "میل"یش وەرگیراوە، تاکوو پرسەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی گشتیی لە بواری شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆدەرخستنی تاکەکان چ لە ڕاگەیاندنەکاندا و چ لە فەرهەنگدا و چ لە بواری پرسە سێکسییەکاندا تاوتوێ بکرێت. هەر وەها "**شازادە**"ی[٢٧] "ماکیاڤیلی"ش کاتێک تۆرە دەگاتە سەر پرسیارگەلێک سەبارەت بە پێوەندیی نێوان دەسەڵات (و توندوتیژیی) و ئاکار، حەتمەن پشتی پێ دەبەسترێت. کەچی "**گوتارەکان**"ی، بەرجستەبوونێکی ئۆمانیزمی مەدەنییە، کە لە لایەن کۆئنتین سکینەرەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. لێرەدا شتێکی گرینگی تریش ئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی لە سەردەمی هاوچەرخ لە ئەمریکادا لە سەر بنەمای دوو بیرمەندی تری باسکراو لەم کتێبەدا سەقامگیر بووە. "**نامیلکەی دووهەمی حکوومەت**"ی لۆک بناغەی یۆتۆپیای ئیختیارگەرایانەی "نۆزیک"ە لە بواری موڵکایەتی، لە کتێبە ورووژێنەرەکەیدا، واتە **ئانارشی، دەوڵەت و یۆتۆپیا**. ڕەنگە لەمە گرینگتریش ئەو چوارچێوەیە بێت کە کانت بۆ لیبراڵیزمی خۆشگوزەرانیی دەرخستەکراو لە کتێبە ئێجگار گرینگەکەی "ڕاوڵز"دا واتە **تیۆرێک سەبارەت بە دادپەروەریی** دەسنیشانی کردووە. کانت هەروەها هەوێنێک بۆ بیرکردنەوەکانی ئەمڕۆ لە بواری دادپەروەریی جیهان نیشتمانیی دابین دەکات. ناشبێ لەم نێوەدا [دەوری] هێگڵیش نادیدە بگرین. کۆمبیریخوازانێکی وەک چارڵز تیلۆر، سوودیان لە ئەندێشەکانی هێگڵ بینیوە و لە کتێبی "**کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ**"ی[٢٨] "فۆکۆیاما"دا کە گەلێک خوێندنەوەی لە سەر کراوە، دەوری بەرچاوی خۆی هەیە؛ بەرهەمێک کە تیایدا فۆکۆیاما بە شانوباڵی سەرکەوتنی سەرمایەداریی دیمۆکراتیکی لیبراڵ بە سەر نەیارە کۆمۆنیست و فاشیستەکاندا هەڵدەدات.

---

[٢٧] - لە هەندێک دەقدا ئەم وشەیە بە »شالیار« (شەهریار) هاتووە و لە هەندێک دەقیشدا بە »شازادە«، بەڵام بە پێی وشە سەرەکییەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا واتە prince، پێم باش بوو هەمان «شازادە»ی بۆ دابنێم، ئەگەرچی لە هەندێک وەرگێڕانی پێشترمدا «شالیار»م بۆ داناوە.و.ک.

[٢٨] - ئەم کتێبە (کۆتایی مێژوو)ی فۆکۆیاما، ساڵی ٢٠١١ لە لایەن وەرگێڕ «ئیسماعیل کوردە»وە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردیی.و.ک.

هەندێک تێبینی دیکەش هەن کە دەتوانن ورووژێنەری خوێنەران بن، بە تایبەت کەڵکوەرگرتن لە چوارچێوەی ڕاڤەکارانەی نوێ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. لەم بوارەدا زۆر زیاتر لە ڕابردوو، ئاراستەیەکی مێژوویی هەڵبژێردراوە. ئێمە بە جەختکردن لە سەر نەریتی فکریی/زمانیی کە بیرمەندێک ئاگایانە (بەرهەست) یاخود نائاگایانە (نابەرهەست) لە چوارچێوەیدا بیر دەکاتەوە، دەتوانین ئەوە ببینین کە چۆن نەریتی یاسای سروشتیی، کاریگەریی لە سەر ژمارەیەک لە بیرمەندە سیاسییەکان بە تایبەت لۆک داناوە و، کەمتر لەویش و ڕەنگە بە شێوەیەکی مشتومڕهەڵگر، کاریگەریی لە سەر هۆبز، هیۆم، ڕۆسۆ، بورک، کانت و هێگڵ داناوە. نەریتی ئۆمانیزمی مەدەنیی یان کۆماریخوازیی کلاسیکیش ڕەوتێکی گرینگی لە مێژووی ئەندێشەی سیاسیدا بووە، بە تایبەت لای ماکیاڤیلی و ڕۆسۆ و، بزاڤی ڕۆشنگەریی سکاتلەندیی کە "هیۆم"یش بە یەکێک لە ئەندامەکانی دێتە ئەژمار. پۆلێنکردنی بیرمەندێک لە بەستێنێکی دیاریکراوی فکریی یان زمانییدا، بە تایبەت لە لایەن کۆئنتین سکینەر و «قوتابخانەی کەمبریج»ەوە بایەخی تایبەتیی پێ دەدرا کە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد. بەم کارەشمان دەتوانین خۆمان لە داوی ناهاوزەمەنیی[٢٩] مێژوویی و قایل نەبوونی زەمەن بۆ ئەندێشەکان ڕزگار بکەین - قایلبوون بە بێزەمەنییەک کە دەبووە هۆی ئەوە کە ڕاڤەکارانی پابەندی ئەم نەریتە، پێیان وا بێت تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوەی خودی دەقەوە دەتوانین لە مەبەستی نووسەر تێ بگەین و هەر ئەوەندەش بەسە. هەروەها خوێندنەوەی مێژووییانەی ئەندێشە سیاسییەکان دەتوانێت تێگەییشتنمان لە سەر ئەو بارودۆخەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە دەوڵەمەندتر و، زانیاریشمان لە سەر مەبەستی نووسەر زیاتر بکات. ماکیاڤیلی و لۆک بە تایبەتیی بابەتی ئەم هێڵی لێوردبوونەوە و توێژینەوەیە بوونە.

هەڵبژاردنی وەها شێوازێک دەتوانێت یارمەتیمان بدات تاکوو بە سەر ڕێکنەکەوتنەکان[نایەکدەنگییەکان]دا سەر بکەوین؛ کاتێک باش لە بەستێنی مێژوویی تێ گەییشتین، هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە. دەتوانرێت زۆرێک لە

---

[٢٩] - diachronie؛ و.ک.

بەستێنە مێژووییەکان و ترادیسیۆنەکان[٣٠] هەر بەم شێوەیە بخرێنە بەر تاوتوێکردنەوە. ئەگەر تەنها یەکێک لەمانە چارەسەرکەر بێت، ئەستەمە بزانین کامەیان چارەسەرکەر بووە. کەواتە تەنانەت هەر لەم ڕاڤانەی پشتبەستوو بە بەستێنی مێژوویشدا هەندێک پارادۆکس دێتە ئاراوە. هەر بەم پێیە، ناسینی بەستێنی سیاسی دەتوانێت کاری ڕاڤەکردن ئەستەمتر بکات، ئەگەر نووسەر بە دوای ڕاکێشانی سەرنجی پشتیوانێک یان بەدەستهێنانی دڵی دەسەڵاتدارێکی سیاسییەوە بووبێت، وەک چۆن ماکیاڤیلی وا بووە و لەوانەیە "بورک"یش وا بووبێت. یان بە ئەگەرێکی زیاترەوە، نووسەر نیگەرانی ڕاوەدوونان و ئازار و ئەشکەنجە یان لە دەستدانی کار و پیشەکەی بووە، وەک چۆن هۆبز و لۆک و هێگڵ بەو شێوەیە بوونە و، ئەم جۆرە کەسانە ناچار بوون بە وەها زمانێکی ڕەمز و هێما بنووسن کە لە ئازار و بەدواداچوون پارێزراو بن. لێرەدا کاریگەریی لیڤی شتراوس زۆر گرینگە.

شێوازێکی تری ئاراستەیەک کە گرینگیی بە بەستێنی مێژوویی دەدات، ڕەنگە یارمەتییەکی ئەوتۆمان نەدات بۆ تێگەییشتن لە ناخی نووسەر، بەڵام وامان لێ دەکات بتوانین ئەو شتانە باشتر دەرک بکەین کە نووسەر ئاگایانە یاخود ناگایانە دەستەویەخە بووە لەگەڵیاندا. لێرەدا باسی بەستێنی ئابووری - کۆمەڵایەتی، کە بە تایبەت لە لای ڕاڤەکارانی کارتێکراوی مارکسیزم گرینگیی تایبەتی هەبووە، بۆ نموونە مەک فریسۆن، دێتە گۆڕێ، چوونکە ئەوان هەموو بیرمەندێک لە پێوەندیی لەگەڵ گۆڕانکارییە ناڕاستەوخۆ کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکاندا تاوتوێ دەکەن. ئاراستەیەکی شێمانەیی، بە هەمان ڕادەش ئاراستەیەکی دەروونناسانە(سایکۆلۆژیک)یە و بە دوای پاڵنەرە شاراوەکاندا دەگەڕێت. لەو بارەیەوە ئەو بیرمەندانەی کە شایانی تێڕامانن بریتین لە ڕۆسۆ و بورک، هەرچەند مارکسیشیان خستۆتە بەر توێژینەوەی دەروونشیکارییەوە. بەم جۆرە دەکرێت مەبەستی ئاگایانەی نووسەران گرینگییەکی کەمتری لە توێژینەوەکاندا هەبێت. لە ڕاستیدا دەتوانرێت جۆرەکانی ئاراستە مێژووییەکان لە بەر هۆکارێکی تریش

---

[٣٠] - ئەم وشەیە هەمان tradition ە کە من لەم کتێبەدا بە گوێرەی دەقەکان هەندێک جار «نەریت» و هەندێک جار «ترادیسۆن» و هەندێک جار «تەقلید» و هەندێک جاریش «سوننەت»م داناوە کە بە یەک واتا بە کار هاتوون و، هیوادارم بتوانین دواجار لە سەر یەکێکیان ساغ ببینەوە. و. ک.

هەڵبژێردرێن. تێگەییشتنی زیاتر لە بیرمەندێک بە مەبەستی تێگەییشتنی فەلسەفە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی هاوچەرخ، کە پێوەندییەکی ئێجگار کەمی بە مەبەستی نووسەر یان تێگەییشتنییەوە هەیە، یان هیچ پێوەندییەکان پێیانەوە نییە. کەواتە بۆ نموونە ڕەنگە بمانەوێت دەرک بە گرینگیی هۆبز یان لۆک بکەین تاکوو نەریتی لیبراڵیی دواتر باشتر دەرک بکەین و لە واتای وشەی «لیبراڵ» کە لە لای خودی ئەوان زۆر ناڕوون و نادیار بووە، تێ بگەین. لە مانایەکی بەرفراوانتردا ڕەنگە ئێمە بمانەوێت ڕۆڵی بیرمەندێک لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەدا دەسنیشان بکەین، مۆدێرنیتەیەک کە [سەرەکیترین] تایبەتمەندییەکانی بریتین لە سکۆلاریزم، زانست و هەموو جۆرەکانی تاکگەرایی(تاکخوازی)،[31] هەمووشیان بەرهەمی کۆمەڵگای "پاش کشتوکاڵیی" و "پاش خواتەوەرانە"ن.

هەروەها لەوانەیە ئێمە بەم خاڵەش بگەین کە پرسی ڕاڤەی دەق، پێوەندییەکی ئەوتۆی بە پلان و بەرنامەی خودی ڕاڤەکارانەوە نییە. ئەم فەیلەسووفە سیاسییانە لەوانەیە هیچ سازگارییەکی دەروونییان نەبێت. لەوانەیە بە تێپەڕینی زەمەن کە ئەندێشەکانیان بەرەو کامڵبوون هەڵکشاون، گۆڕانیان بە سەردا هاتبێت و، کەواتە مارکسی «گەنج» و مارکسی «پیر»مان هەبێت. ڕەنگە بە تەواوەتیی ئەوەشیان لە بیر کردبێت کە پێشتر چییان وتووە و، هەرگیز خەمی پاردۆکسیکاڵبوونی ئەندێشەکانی خۆیانیان نەبووە و، پارادۆکس بە لایانەوە بە فەزیلەتێکی کاتیی هاتۆتە ئەژمار و لە سەردەمگەلی جیاوازدا بایەخی جیاواز بۆ ئەم فەزیلەتە قایل بوونە. بە تایبەت جیاوازیی ڕاڤەکارییەکان دەکرێت لەوەشەوە سەرچاوە بگرێت کە بیرمەندان ماناگەلی پارادۆکسیکاڵ، یان تەمومژاوییان بۆ وشە سەرەکیی(کلیلی)یەکان پێشکەش کردووە، وەک چۆن وشەگەلی «ڤیرتۆ»[32] و «فۆرتۆنا» لای ماکیاڤیلی ئاوهان، یان وشەی «موڵکایەتی» لای لۆک، یان «هێزەکان» و «پێوەندییەکانی وەبەرهێنان» لای مارکس. خاڵێکی بەرچاوی تریش ئەوەیە کە ڕەنگە فەیلەسووفان ئاگایان لە هەندێک دەقی سەرەکیی نەبووبێت. "**گوتارەکان**"ی ماکیاڤیلی تا سەدەی هەژدەهەم بۆ زۆر کەس بە نامۆیی مابوونەوە

---

[31] - individualisme؛ و.ک.

[32] - virtue؛ فەزیلەت. و.ک.

و، بەرهەمە سەرەتاییەکانی مارکس تا دەیەی ١٩٥٠ لە وڵاتانی ئینگلیزی زماندا بە ئاسانیی دەس نەدەکەوتن.

## ڕاڤەگەلی جیاواز

ئەم دەستەواژەیە خۆی تەواو ڕوون و ئاشکرایە. لەم بەشەدا کە بەشی سەرەکیی هەموو بەشەکان پێک دێنێت، پوختەیەکی خاڵە سەرەکییەکانی ئەو باسانە دەبینن کە بیروڕای جیاواز لە سەریان هەیە و وردە وردە سەریان هەڵداوە. ئەم پوختانەش بە پێی زەروورەت دەسچن کراون. لەم بەشەدا خاڵە سەرەکییە جێ ناکۆکییەکان بە جۆرێک دەسچن کراون کە خوێنەرێک کە [تا ڕادەیەک] ئاشنایی لەگەڵ ڕواڵەت و ئەرگۆمێنتی ناو دەقی سەرەکیی هەیە، بتوانێت سوودی لێ ببینێت. ڕەنگە ئێوە دوای خوێندنەوەی دەقێک بۆ یەکەم جار لای خۆتان وا بیر بکەنەوە کە »باشە، من ئێستا چیم هەیە سەبارەت بە ئەم دەقە بیڵێم؟«. ئەم بەشە ئێوە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا ئاشنا دەکات کە ڕاڤەکاران باسیان کردوون. لەوە گرینگتریش، ڕەنگە پەرچەکرداریی ئێوە لە هەمبەر یەکەم خوێندنەوەی ئەم دەقەدا ئەمە بێت کە پرسیار لە خۆتان بکەن ئایا بە ڕاستیی ئەم قسانە چ سوودێکیان بۆ من هەیە؟ ئەم بەشە چەند وەڵامێکی ئاڵترناتیڤ بەم پرسیارەی ئێوە دەداتەوە، واتە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ڕاڤەکارە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی دەربڕینی ئەم ئەندێشانە، ئایدیاگەلی جیاوازیان هەیە. ئێمە هەر کامەمان بۆچوونی تایبەتی خۆمان سەبارەت بەوە هەیە کە کامیەک لە وەڵامەکان باشترن، کەواتە بەشی کۆتایی، ئەو دەرفەتە دەخاتە بەر دەم نووسەرەکان کە بیر و ڕاکانیان بە شێوەی هەڵسەنگاندنی ڕاڤەکان پێشکەش بکەن.

ڕێگە پێشکەشکراوەکان

بۆ ئەوەی وێنەیەک لەو قسە و باسانە بە دەست بێنن کە لە بەشەکانی دواتردا بەرەوڕوویان دەبنەوە، ئێمە لێرەدا بە کورتیی پرسە سەرەکییەکانی ئەو ڕاڤەکارییانە دەخەینە ڕوو، کە سەبارەت بە هەر بیرمەندێک دەرخستە کراون. هەر چەند لەوانەیە ڕاڤەکاران وەک مۆرین ڕەمزی دەڵێت، هاودەنگ بن لەوەدا کە ئامانجی ماکیاڤیلی سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی بەهێز و سەربەخۆ لە ئیتالیای

سەردەمی ڕێنسانسدا بووە، بەڵام دەتوانین گەلێک دەقی ڕاڤەکارانەی جیاواز بخەینە پاڵ خودی ماکیاڤیلی، تەنانەت ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبێت [یان بە واتایەکی تر بە سەهو(=هەڵە) ئەو کارە بکرێت]. پێدەچێت ماکیاڤیلی دەیویست لە کتێبی "**شازادە**"دا داکۆکیی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت (حکوومەتی تاکەکەسێک) بکات و، لە کتێبی "**گوتارەکان**"یشدا (حکوومەتی ژمارەیەکی کەم یان زۆر) و، ئەم پارادۆکسەشی بەم جۆرە خەستتر کرد کە نە واژۆی لە سەر دەسنووسەکانی دەکرد و نە ڕێکەوتیشی بۆ دەنووسین و، هەر بۆیە بە تەواوەتیی ڕوون نییە ئەم بەرهەمانە لە چ قۆناغێکی مێژووییدا نووسراون. جیا لەوەش، ئەو بە تەمای ئەوە نەبوو نامیلکەیەکی فەرمیی بۆ خوێندکارانی هاوچەرخی زانکۆکان بنووسێت کە پەتی بخەنە سەر ئاو؛ ئەو دەیویست خوێنەر بورووژێنێت، دیارە بە یارمەتی هونەری پەیڤوانیی. لە ئەنجامدا ئەو هەرگیز مانایەکی ڕوون و دیاریکراوی بۆ وشەی «ڤیرتۆ» و «فۆرتۆنا» واتە دوو چەمکی بنەڕەتیی و گرینگی ناو بەرهەمەکانی، بە دەستەوە نەدا. لە ڕاستیدا ماکیاڤیلی بە چەند دەنگێکی جیاواز دەئاخافت و، گەلێک لە ڕاڤەکاران حەزیان دەکرد تەنها و تەنها گوێ بۆ یەکێک لەو دەنگانە ڕابگرن.

دەتوانین هۆی ئەم حەزنەکردنەی ڕاڤەکاران بۆ گوێگرتن لە هەموو دەنگەکان بگێڕینەوە بۆ حەز و خولیا و هەستە جیاوازەکانی خودی ئەو ڕاڤەکارانە. نووسینەکانی [ماکیاڤیلی] لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا، کڵێسەی کاتۆلیکیان کە لەو سەردەمەدا بەرەوڕووی بزاڤی چاکسازیی ئایینیی و بزاڤی دژە چاکسازیی ئایینیی بووبووەوە و دەبوایە بەرەوڕووی سەرهەڵدانی دەوڵەتی سکۆلاریش ببێتەوە، زۆر تووڕە دەکرد. کڵێسە لەو وتە ڕاشکاوانەیەی ماکیاڤیلی تووڕە بووبوو کە دەیوت ناتوانین کەڵک لە دە فەرمان[٣٣] وەربگرین وەک خشتەیەکی حازر و ئامادە لە کاروبارە سیاسییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ناسیۆنالیستە ئیتالییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە گەرمیی پێشوازییان لێ کرد و لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە کەوتە ناو چەقی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانەوە. ماکیاڤیلی بە ئاشکرا بە

---

[٣٣] - مەبەست لە دە فەرمانەکەی حەزرەتی مووسایە. و .ک.

گرتنەبەری میتۆدی ئەزموونیی(تەجروبی)[٣٤] و ئیستقرایی[٣٥] و بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکان، بە مەبەستی پەردە هەڵماڵین لە یاسا زاڵەکانی سەر ڕەفتاری سیاسی، بووبوو بە یەکێک لە بانگەشەکارانی زانستی سیاسی مۆدێرن. بەم حاڵەشەوە خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆکان، نووسینەکان و بابەتەکانی پێوەندیدار بە بەستێنی مێژوویی بەرهەمەکانی ئەویان بە شێوەیەکی جدیتر خستە بەر ڕاڤە و لێوردبوونەوە و، هەوڵیان دا پاساوێک بۆ پارادۆکسی باسەکانی سەبارەت بە «ڤیرتۆ» و «فۆرتۆنا» و پارادۆکسەکانی نێوان **شازادە** و **گوتارەکان** بدۆزنەوە. ڕاڤەکاران شەیدای ماکیاڤیلی بووبوون، چوونکە بە ڕاشکاوانەترین شێوە، یەکێک لە کێشە و گرفتە بنەڕەتییەکانی ژیانی سیاسی دەخستە ڕوو: پرسی «دەستە ناپاکەکان» و، چۆنیەتی دوورکەوتنەوەی بنەما چەسپاوەکانی ڕەفتاری سیاسی لە بنەما چەسپاوەکانی ڕەفتارە کەسەکیی و ڕۆژانەکان. ئایا ماکیاڤیلی سیاسەتی لە ئاکار جیا کردبووەوە؟ ئایا ئەو کەسێکی بێئاکار یان دژەئاکار بوو و لەو باوەڕەدا بوو کە گەییشتن بە ئامانج گرینگە بە هەر نرخێک هەبووە و، [ئایا] پاڵەوانی «ڕیال پۆلیتیک»[٣٦] بوو؟ یان پێی وا بوو سیاسەت پێویستی بە ئاکارێکی جۆرێکی تر و تازەترە(قازانخوازانە) و، چاوی لە دەرەنجامە سوودبەخشەکانی کردەیەکی سیاسی بوو کە دوور لە ئاکاریبووونی خودی کردەکە بێت؟ ڕەنگە هێشتا لیژنەی دادوەران وەڵامی ئەم پرسیارانەیان بە دەست نەهێنابێت، چوونکە کێشەی ماکیاڤیلی هەمان کێشەی سیاسەتە. پرسێکی دیکەش کە تا ئێستە ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، پرسێکە لە پشتەوەی هەموو پلان و بەرنامەکاندا خۆی مەڵاس داوە: واتە مۆدێرنبوونی ماکیاڤیلی. ئایا ئێمە بە بیرمەندێکی دەزانین کە چاوی لە دواوە و لە »ڤیرتۆ«ی کۆماری کەونارا و هێما ڕەمزاوییەکانی «فۆرتۆنا» بوو، یان بیرمەندێک کە چاوی لە پێشەوەی خۆی بوو و یەکێک لە بیرمەندە ڕەسەنە سکۆلارەکان بوو کە هەوڵی دەدا سیاسەت لە سەر بنەمای فاکتە بەرچاوەکانی ڕەفتاری مرۆڤ دامەزرێنێت؟

---

٣٤ - empirical. و.ک.

٣٥ - deductive.

٣٦ - Real politic

له پێوەندیی لەگەڵ "هۆبز"دا ڕاڤەکاران دەتوانن لە سەر مەبەستەکان و گەلاڵەی گشتیی ئەرگۆمێنتەکانی بە ڕێککەوتنێک بگەن - پێدەچێت ئەو تیۆرێکی سادەی یەکلاکەرەوە ئاراستە دەکات - بەڵام ناکۆکییەکان لەوەوە سەر هەڵدەدەن کە یەکەم، ئەو ئەرگۆمێنتێک بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر ئاراستە دەکات و دووهەم، هەندێک ناکۆکیی لە ناو دەقەکانیدا هەیە، بە تایبەت لە بواری دەسەڵاتی حوکمدار و سنووری مافە کەسەکییەکاندا. وەک ئالستر ئیدواردز دەڵێت، ئەرگۆمێنتەکانی ئەو «زیقە زیق» دەکەن. جیا لەوەش هەموو ڕاڤەکارێک پلان و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە و لانیکەم هەندێکیان دەیانەوێت تیشکێکی ڕووناکی (لیبراڵیبوون)ی بە سەردا بپژێنن. ژمارەیەکی تر کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، گرینگییەکی زۆری مێژوویی بۆ هۆبز قایلن، پرسیارێکی وروژێنەر دەخەنە ڕوو، چوونکە ئەو لە سەرەتاکانی سەردەمی پەڕینەوەی(تێپەڕبوون) مۆدێرنی سیاسی و فکریی و ئابووریدا، لە قەراخی «هێڵی سنوورەکانی مۆدێرنیتە«دا ڕاوەستابوو و، ئەم ڕاڤەکارانە وەک کەسێک دەبینن کە هەم چاوی لە پێشە و هەم چاوی لە دواوەیە، واتە مۆدێرنیست و ترادیسۆنیست. مۆدێرنیزمەکەی دەرەنجامی تاکگەرابوونیەتی، واتە دەرەنجامی هەوڵەکانی بۆ بنیاتنانی تیۆرە سیاسییەکەی لە سەر بنەمای فاکتە بەرچاو [و ئاشکرا] مرۆییەکان و، هەوڵدانی ئاگایانەشی بۆ بەکارهێنانی میتۆدگەلی زانستیی و، دانانی پاساوی متافیزیکیی لە پلەی دووهەمی گرینگایەتیدا. سەرەڕای ئەوەش هۆبز بە دوای داکۆکیکردن لە نەزمی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەقلیدیی و بەهاکانییەوە بوو و، زۆربەی کاتیش بە زمانی یاسای سروشتیی دەئاخافت. بەڵام هەندێک لە ڕاڤەکاران - چ ئەوانەی باڵی چەپ و چ ئەوانەی باڵی ڕاست - لە ناو تیۆری «سروشتی مرۆڤ»ی ئەودا هێماگەلێکی تاکگەرایی بۆرژواییان بەدیی کردووە، هەر چەند کەسانێکیش بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە جەختیان لە سەر ئەم خاڵە کردۆتەوە کە نابێ ناوەڕۆکێکی چینایەتیی لە پێش داڕێژراو، بە سەر تاکگەراییەکەیدا بسەپێنرێت. لە هەمان کاتیشدا کە هۆبز بە ڕاشکاوانە دەڵێت تاک مافی بەرگریی لە هەمبەر "حوکمدار"[٣٧]دا هەیە، بەرگرییەک کە پارێزگاریی لە

[٣٧] - وشەی «حوکمدار»م بۆ وشەیەکی فارسیی داناوە کە بە وتەی وەرگێڕی فارسیی ئەم کتێبە، تا ئێستا لە زمانی فارسییدا وشەی بۆ دانەنراوە و تا ڕادەیەک لە فەرمانڕەوا یان «حاکم»و «حوکمڕان» و «دەسەڵاتدار»ەوە نزیکە، بەڵام لە ڕاستییدا جیاوازن و ئەم جۆرە حوکمڕانە، بە دەنگ و بە ویست و

نەفسی خۆی دەکات، دیسانەوە ئەم پرسیارە وەکوو خۆی دەمێنێتەوە کە ئایا هۆبز دەیویست دەسەڵاتی حوکمدار وەک کەسێک کە بە پێی یاسا حوکمداریی دەکات، بە دەستی خودی خۆی سنووردار بکرێتەوە یان نا، کە ئەگەر وەڵامەکەی "ئەرێ" بێت، دەتوانین بڵێین ئەو بە ئاراستەیەکی لیبراڵییدا دەڕوات. پرسی حوکمدار سنووردارکراو بە دەستی خۆی، لە ئاستی خۆیدا بەندە بە پرسی گەورەتری پێگەی «یاسا سروشتییەکان»ی ئەوەوە. ئایا ئەم پرسانە چاویان لە داهاتووە و کەواتە مۆدێرنن، یان مەسیحیی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشەوە کە ئایا ڕوانینی هۆبز بۆ سروشتی مرۆڤ ڕوانینێکی تۆکمە و داکۆکیکاری خۆپەرستیی دەروونناسانە بوو، یان نا؟ کاتێک بەرەوڕووی تێگەییشتنی هۆبز لە دەسەڵاتی حوکمدار دەبینەوە، پرسی گێرمەوکێشەی نێوان ویستی کەسەکیی خودی هۆبز کە حوکمداری ئاقڵ و ژیری بە لاوە باشترە، لەگەڵ لۆژیکی تیۆرەکەی دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەم ناکۆکیی و گێرمەوکێشانەی ناو دەقەکان هەر چییەک بن، ئێمە دیسانەوە ناچارین ڕوانینێکی وردبینانەمان لە سەر تێگەییشتنی ئەو لە سەر نەریتی سیاسی ڕوو لە گۆڕانی ئینگلیزیی و گێرمەوکێشەکانی سەدەی حەڤدەهەم هەبێت، تاکوو بتوانین ڕایەکی لێبڕاوانەمان سەبارەت بە مەبەست و خواستەکانی هەبێت.

لە بەر گرینگیی و ڕۆڵی لۆک لە فەرهەنگی سیاسی لیبراڵیی ئەمریکادا، مشتومڕ لە سەر ئەو، بە ناچار بەرەوڕووی دەسپێکێکی ئایدۆلۆژیکیمان دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا زۆربەی ڕاڤەکاران لە سەر ئەوە کۆدەنگییان هەیە کە لۆک کەسێکی لیبراڵ بووە، هەر کە ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە کە »کام جۆرە لیبراڵ؟«، ئەم کۆدەنگییەوە دەڕەوێتەوە. مەبەست لەم پرسیارەش ئەوەیە کە مەبەستی لۆک بە تەواوەتیی لە »پاراستنی موڵکایەتی» چی بووە؟ هەروەها ئایا لۆک بە تەما بوو چ کەسێک یان چ شتێک بپارێزێت؟ لە بەر خاتری چی و بە چ ئامرازگەلێک؟ وەڵامی

---

خواستی خەڵک نەهاتۆتە سەر کار، بەڵکوو خۆی بە سەر خەڵکدا سەپاندووە و بۆشی گرینگ نییە خەڵک پێی ڕازیین یان نا و، بەبێ گوێدانە ڕای گشتیی و بۆچوونەکانی جەماوەر حوکمی خۆی دەسەپێنێت و بەڕێوەی دەبات. لە هەر کوێیەکیش وشەی فەرمانڕەوا یان حاکم یان دەسەڵاتدار هاتووە، مەبەست لێی هەمان فەرمانڕەوای مەشرووعە کە بە ویستی خەڵک دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، یان خەڵک ڕێزی لێ دەگرن. و. ک.

لێڕاوانە بەم پرسیارانە زۆر ئەستەمە چوونکە دەقەکانی لۆک «تێکەڵ پێکەڵ»ن، ئەویش نەک تەنها لە بواری موڵکایەتیدا. ئەوە کە ئایا گرینگترین شت لای لۆک لە "**دوو ناملکە سەبارەت بە حکوومەت**"دا چی بوون، ڕوون نییە و، ناملکەکان هەم لە مانیفێستێکی سیاسی دەچن و هەمیش توێژینەوەیەکی فەلسەفین سەبارەت بە کرۆکی حکوومەت بە گشتیی و، هەروەها هەم ئەرگۆمێنتگەلی «یاسای سروشتیی»ن و هەمیش پێشنیارگەلێکی یاسایی چڕوپڕن. هەر بە هەمان شێوە، ئەوە ڕوون نییە کە ئایا دەبێ ئەو دوو ناملکەیە بە بەشێک لە بەرنامەیەکی فەلسەفیی بەرفراوانتری لە قەڵەم بدەین یان نا. دواتریش دەبێ ئەم خاڵەمان لە بەر چاو بێت کە، وەک تیمۆتی کنیۆن دەڵێت، لۆک بە خەستیی لە ژێر کارتێکردنی زنجیرە هەلومەرجێکی تێکرێسراوی مێژووییدا بوو. ئەو ڕاڤەکارانەی کە یەکێک لەم هەلومەرجە مێژووییانەیان خستۆتە چەقی گرینگیپێدانەکانیانەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی مەبەست و ویستەکانی، زۆر جار بە هەڵە لە"بەش" و "گشت"[٣٨] تێ گەیشتوون و، کەواتە جێی سەرسووڕمان نییە کە بە چەند ڕاڤەی جۆراوجۆر گەیشتوونە کە لە بەر دەم ئەم تۆمەتەدان کە ڕوانگەیەکی هەڵەیان خستۆتە پاڵی [لۆک]. ئەو ڕوانگە باوەی کە زیاتر لەوانی دیکە ڕەخنەی لێ گیراوە و هێرشی کراوەتە سەر، ئەوەیە کە لۆک «ویگ»ێکی داکۆکیکاری یاسای بنچینەیی[٣٩] مەشرووتە[٤٠] و پیاهەڵدەری «شۆڕشی شکۆداری» ١٦٨٨ بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە ڕاڤەکاران تێڕوانینێکی وردبینانەتریان لە سەر لۆک هەبوو لە بەستێن و هەلومەرجگەلی جۆراوجۆری مێژووییدا. ئەوانەی کە گرینگیی زیاتریان بە بەستێنی سیاسی دەدا، جەختیان لە سەر ڕادیکاڵیزمی لۆک دەکرد و کاتێک لەوەشیان تێپەڕاند، وایان لێ هات کە لە خستیانە ڕیزی «لێڤلەرەکان»[٤١] و، لە ڕووی سیاسییەوە بە "لیبراڵ دیمۆکرات"یان لە قەڵەم دا. بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە

---

[٣٨] - «جوزء» و «کول». و.ک.

[٣٩] - Constitution؛ دەستووری بنچینەیی ـ یاسای ئەساسی. و.ک.

[٤٠] - constitutional. واتە حکوومەتێک لە سەر بنەمای یاسا و بە گوێرەی یاسا بەڕێوە ببردرێت. و.ک.

[٤١] - Levellers؛ بزاڤێک لە سەدەی حەڤدەهەم لە بریتانیادا کە باوەڕیان بە سەقامگیرکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەبوو و، بە دەستی کراموێڵ سەرکوت کران. و. ف.

جەختیان لە سەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەکردەوە، بە ئایدۆلۆگێکی "لیبراڵ بۆرژوا"یان دەهێنایە ئەژمار کە مەسیحییەتی تێکەڵ بە سەرمایەداریی دەکرد و لە ڕووی ئابوورییەوە کەسێکی "نیۆلیبراڵ" بوو. ئەو بیرمەندانەی کە جەختیان لە سەر هەلومەرجی فکریی دەکرد، وێنەیەکیان لێ بە دەستەوە دا کە ئەویان وەک بیرمەندێکی مەسیحیی «یاسای سروشتیی» دەنواند کە پێی وایە موڵکایەتی، هەندێک ئەرک و وەزیفەش لەگەڵ خۆیدا دێنێت و بە کورتی، بە لیبراڵێکی باوەڕمەند بە "دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی"یان لە قەڵەم دا.

کەسانێکی تریش دوای هەوڵدانیان بۆ پەردەهەڵدانەوە لە مانای **دوو نامیلکە** و بەرهەمەکانی تری لۆک، وایان پێ باشتر بوو بە یەکجاریی واز لە بەستێن و هەلومەرجە مێژووییەکان بێنن و، تەنها و تەنها شیکاریی لە سەر دەق بکەن و تاووتوێی ئەم بابەتە بکەن کە لۆک تا چ ڕادەیەک بیرمەندێکی تۆکمە و پێکهاتەمەند بووە. بۆ نموونە ئایا دەتوانرێت ئێپیستمۆلۆژیی[42] ئەزموونگەرایانەی ئەو کە بەرەو ئاراستەی گومانکاریی(گومانگەرایی)[43] پەلی دەهاویشت، لەگەڵ پابەندبوونەکەی بە «یاسای سروشتیی»ەوە کە پلەیەک زیاتر باوەڕی بە «یەقین» هەبوو، ئاشت بکرێتەوە؟ هەندێک ڕاڤەکار حەزیان دەکرد ئەوە نیشان بدەن کە چۆن پارادۆکسەکانی ناو بۆچوونەکانی لۆک، دەرخەری کێشە و بشێوییە جەوهەرییەکانی ناو لیبراڵیزمە، کەچی هەندێک کەسی تر لە هەمان کاتدا کە دانیان بەو پارادۆکسانەدا دەنا، دەیانویست ئەرگۆمێنتەکەی ئەو بە شێوەیەک سەرلەنوێ دابڕێژنەوە کە لە دڵی ئەو ئەرگۆمێنتەدا تیۆرێکی موڵکایەتی تۆکمە و لە ڕووی سیاسیشەوە پێوەندیدار بە پرسەکانی ئەمڕۆکە هەڵێنجێنن، جا چ نیۆلیبراڵیی بێت، چ لیبراڵیی دەوڵەتی خۆشگوزەران.

تا ئەم دواییانە، هیۆم کە گومانکارییەکەی تا ڕادەیەکی زۆر قەرزاری ئێپیستمۆلۆژیای ئەزموونگەرایانەی لۆک بوو، هەر لە بنەڕەتدا بە دژی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"[44] دەناسرا. بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠ بە دواوە، ڕەهەندەکانی تری فەلسەفە سیاسییەکەی، لایەنگری زیاتری پەیدا کردووە کە [ئەویش بۆ خۆی

---

[42] - epestmoligy؛ مەعریفەناسیی.

[43] - scepticisme. و.ک.

[44] - Social cotract. و.ک.

دەرەنجامی حەز و تاسەی تیۆرسیەنە نیۆلیبراڵەکان بوو بەرانبەر بە تیۆری دەرەنجامە نەخوازراوەکان و، ڕیشەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بزاڤی ڕۆشنگەریی سکاتلەندیی کە هیۆمیش یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی بوو. وەک جان ساڵتیر نیشانی دەدات، ڕاڤەکاران سەلماندوویانە کە فەلسەفەی سیاسی هیۆم هەرگیز ئەوەندە سادە نییە کە بیری لێ دەکرایەوە. دەتوانین زۆر جیاوازیی ئاشکرا لە نێوان دەقەکانی "**نامیلکەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە بنەماکانی ئاکار**"دا بەدیی بکەین. تێڕوانینی تەقلیدییانە بۆ سەر گومانکاریی ئێپیستمۆلۆژییانەی هیۆم لە سەر ئەو بنەمایە ڕاوەستابوو کە ئەم گومانکارییە، ڕەنگدانەوەی هەوڵ و تەقەلای ئەوە بۆ لاوازکردنی نەریتی یاسای سروشتیی کە لە سەر بنەمای ئەقڵ ڕاوەستاوە. ئەرگۆمێنتی هیۆمیش لە هەمبەر ئەوەدا ئەوە بوو کە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان لە پەیمانە[٤٥] کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. پێدەچێت ئەم ڕوانگەیە لە حەزی هیۆم بۆ سنووردارکردنی مافی بەرخۆدان لە هەمبەر دەسەڵاتداران لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ئەرگۆمێنتەکانی مافی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بە ئاسانیی دەیانتوانی ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خۆوە بگرن. بەڵام بە گوێرەی ڕوونکردنەوەکانی ئەم دواییە، نیازی سەرەکیی هیۆم مۆدێرنیزەکردنی یاسای سروشتیی بوو و ڕوونکردنەوەکانیشی سەبارەت بە سەرچاوەی دادپەروەریی، لە سەر بنەمای ڕیوایەتێکی سکۆلاریزەی یاسای سروشتیی ڕاوەستابوو. هیۆم لە ژێر کاریگەریی خوێندنەوەیەکی سکۆلاری "گرۆتیۆس"دا بوو کە هاوڕێ لەگەڵ پۆفندرۆف و ئەوانی دیکە، تیۆری بەرخۆدان سنوورداریان لە بەرانبەر حکوومەتدا، لە دژی ڕیوایەتە باوەکانی تری تیۆری یاسای سروشتیی خستە ڕوو. بۆ نموونە دەیانوت مافی موڵکایەتی «بە شێوەیەکی سروشتیی» لە ناخی بنەماڵەوە سەرچاوە دەگرێت. بە گشتیی هیۆم دەیویست بونیادگەلی «سروشتیی» دەروونناسانە(سایکۆلۆژیک) بۆ هەستە ئاکارییەکان بدۆزێتەوە. یەکێک لە دەرەنجامە ناڕاستەوخۆکانی ئەم ڕاڤەکارییە ئەوە بوو کە ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەکانی هیۆم، خودی یاسای سروشتیی نەبوو، بەڵکوو بونیادە متافیزیکییەکانی بوو. بەڵام ئەو ڕاڤەکارانەی کە جەختیان لە سەر

---

[٤٥] - Convention – یان گرێبەست.و.ک.

گرینگیدانی [هیۆم] بە یاسا سروشتییەکان دەکردەوە، لە هەمان کاتدا دەیانویست پابەندبوونیشی بە »پەیمان/convention» بەرجستە بکەنەوە. هیۆم بە تێکەڵکردنی «سروشت» و «پەیمان»، ڕێگایەکی میانەڕۆی ڕاستەقینەی لەو بارودۆخە سیاسییەی بریتانیای سەردەمی ڕژێمی "هانۆفری" لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا هەڵبژارد. بۆیە ئەو هەم باوەڕی بە ئازادیی «سیاسی» تایبەت بە مەشرووتیەتی بریتانیا هەبوو و هەمیش بەو ئازادییە گشتیترەی کە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دەیانهێنایە ئاراوە و بریتی بوو لە ئازادیی لە ژێر چەتری یاسادا.

لە چوارچێوەیەکی تری ڕاڤەکارییدا لە گۆشەنیگایەکی ترەوە چاو لە تەمومژی بیروڕاکانی هیۆم دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا هیۆم لە ناو دڵی نەریتی ئۆمانیزمی مەدەنیدا جێی دەبێتەوە. نەریتێک کە بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازیی، هاووڵاتیبوونی ئەکتیڤ ـ «فەزیلەتی سیاسی» ـ ی بە پێویست دەزانی. پێدەچێت هیۆم ڕاڕا بوو لەوەی کە ئایا پێشکەوتنی کۆمەڵگای بازرگانیی، گەندەڵیی پرۆسەی سیاسی لێ دەکەوێتەوە، یان بەهێزتری دەکات. گەشەسەندنی ڕێژەی پارە و دراوی گشتیی دەتوانێت لە شێوازی پێگەیاندنی چینێکی پشکداری[٤٦] دەوڵەمەنددا کە هیچ جۆرە پابەندییەکیان بە دەوڵەت نییە، ببێتە هۆی ناجێگیربوونی کۆمەڵایەتی. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگای بازرگانیی دەتوانێت چینێکی مامناوەندیی خاوەن ڕۆحییەیەکی گشتیی بهێنێتە گۆڕەپانەکەوە و ببێتە هۆی هاوسەنگیی زیاتری ڕەفتاری سیاسی. هەروەها بە گەشەسەندنی «تەکنیکەکان»ی پیشەسازیی، دەسەڵاتی سەربازیی وڵاتیش زیاتر دەبێت.

بە پێچەوانەی "هیۆم"ەوە، ڕۆسۆ لە ڕووی هاوسەنگیی سیاسییەوە هیچ ناو و ناوبانگێکی نییە. ڕۆسۆ کە ڕۆڵێکی دیاری لە ئیلهامبەخشین بە شۆڕشی ١٧٨٩ ی فەرەنسا و قۆناغی ترس و تۆقاندنی دوای ئەو شۆڕشەدا هەبوو، بە بیرمەندێکی مەترسیدار دێتە ئەژمار و تەنانەت تا ئەمڕۆکەش توانای پەرەپێدان و ورووژاندنی جۆشوخرۆشی هەستەکانی تێدا ماوەتەوە. وەک ئالێن ئۆپرلی دەڵێت، ڕۆسۆ گەلێک کەرەسەی خاوی بۆ ڕادیکاڵەکان دابین کرد تاکوو هێرش بکەنە سەر دیمۆکراسیی لیبراڵیی سەرمایەداریی، وەک بڵێی ڕۆسۆ یەکەم مۆدێل(سەرمەشق)ی

---

[٤٦] - خاوەن پشکی کارگە و کارخانەکان. و. ک.

مارکسیستیی بووبێت. ڕۆسۆ هەروەها جبەخانەیەکی تەیاری بۆ لیبراڵەکان و مەحافزەکارەکان بە مەبەستی سووکایەتیپێکردن و هەڕەشەکردن لە ڕادیکاڵەکان وەک تۆتالیترگەلی هێزەکیی[٤٧]، وەک دوژمنانی «کۆمەڵگای کراوە«، دابین کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەناوی ئەم مشتومڕ و دەمقڕانەی سەرەوەدا دەتوانین لیبراڵگەلێکی هاوسۆز و هاودڵ بەدیی بکەین کە ڕۆسۆ بە ڕابردووی[٤٨] کانت و، لە رووی فکرییشەوە بە ئاڵۆزترین لیبراڵی لە قەڵەم دەدەن. ئەم ڕاڤە جۆراوجۆرانەی سەر ڕۆسۆ، تا ڕادەیەک پێوەندیی بە خودی "ڕۆسۆ"وە هەیە، کە لە کاتی گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئاشتکردنەوەی ئازادیی و نەزمدا، حەزی لە پارادۆکسەکان بوو. ئەم خاڵە لە هەموو شوێنێک زیاتر لەم ئەندێشەیەی ئەودا دەردەکەوێت کە بە مەبەستی بەکۆمەڵایەتیکردنی هاووڵاتییان و بە خاوەن فەزیلەتکردنیان، پێویستمان بە یاساگەلی گونجاو هەیە، بەڵام بۆ داڕشتنی یاساگەلی گونجاو، دەبێ سەرەتا فەزیلەت دەستەبەر بکەین. "بەرهۆکار" لێرەدا دەبێ بگۆڕدرێت بە "هۆکار". ڕەنگە وەک لە لای خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانییەوە ناسراوە، ئەو شتەی کە پێوەندیی بە بەرزکردنەوەی ئاستی فەزیلەتەوە هەیە، وێنەی پارادۆکسیکاڵی «ناچارکردن»ی هاووڵاتییان بۆ ئەوە بوو کە »ئازاد« بن. ئەگەر چی ڕۆسۆ پاڵەوانی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ بوو، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو ئیرادەی گشتیی لەوانەیە جیاواز لە ئیرادەی کردەیی(پراکتیکیی) گشتیی بێت کە لە »ئیرادەی هەمووان«دا خۆی دەر دەخات. ڕۆسۆ لە ڕەشبینانەترین حاڵەتیدا پێی وا بوو دیمۆکراسیی یۆتۆپیایی(ئامانجگەرایانە) هەرگیز دەستەبەر نابێت و لە گەشبینانەترین حاڵەتیشدا پێی وا بوو ڕوخسارێکی تایبەتی یاسادانەر دەتوانێت بە هەندێک فڕوفێڵ خەڵک بە فەزیلەتی دیمۆکراتیک بگەیەنێت. ئەوانەی کە دوژمنی ڕۆسۆن لەو باوەڕەدان ئەم پارادۆکسانە، حەشاردەری پارادۆکسەکانی ناو بیر و بۆچوونەکانی ئەون، لە کاتێکدا هاوبیرانی ڕۆسۆ هەوڵ دەدەن مانایەکی سوودبەخش و بەکەڵک لەم پارادۆکسانە هەڵکرێنن یان ڕوونکردنەوەیان بۆ بکەن. لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەرییەک کە ڕۆسۆ دایناوە، پارادۆکسیکاڵە و، تاکگەراییەکەشی

---

[٤٧] - «هێزەکیی » و «هێزەکییانە»؛ ئەم وشەیەم بۆ «بالقوە» داناوە و، پێچەوانەکەشی دەبێتە «کردەکیی» و «کردەکییانە»، واتە »بالفعل». و.ک.

[٤٨] - سەلەف. و.ک.

ئیلهامبەخشی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بوو بۆ بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٧٨٩ دا و، کۆمەڵخوازییە[٤٩] کۆماریخوازانەکەشی بۆ پاساوکردنی حکوومەتی ترس و تۆقاندنی "ژاکۆبنەکان" کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسا هاتە سەر کار، کەڵکی لێ وەرگیرا.

**پەیمانی کۆمەڵایەتی** ڕۆسۆ، وەک پێویست یارمەتی ئەوەمان دەدات بتوانین ڕاڤەیەکی تۆتالیتاریی لە سەر ڕوانگەکانی ئاراستە بکەین. ئەو وێنەیەی لە سەر ئازادیی ئاکار دەیخاتە ڕوو، داسەپێنەری «بە سیاسیکردنی ژیانی کەسەکیی»یە و، کەواتە دەبێتە هۆی وازهێنان لە »ئازادیی نەرێنیی». لە لایەکەوە، بێرلین، کە بۆچوونەکانی لە سەردەمی جەنگی سارددا نموونەی پەرچەکردارییەکی لیبراڵیی بەرامبەر بە ڕۆسۆ بوو، ڕۆسۆی بە یەکێک لە داکۆکیکارانی «ئازادیی ئەرێنیی» لە قەڵەم دەدا کە پێشگریمانەکەی «ئیرادەی ڕاستەقینە« یان «ئیرادەی ئەقڵانیی» بوو و [تەنها] نوخبەکان بە شێوەیەکی ئاوارتە لێی بەهرەمەند بوون. لە لایەکی ترەوە، ڕادیکاڵەکان نەک تەنها کەڵکیان لە ئەرگومێنتەکانی ئەو وەردەگرت بۆ داکۆکیکردن لە دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ، بەڵکوو ئیلهامیان لە "**گوتاری دووهەم**"ی ئەویش وەردەگرت. ڕۆسۆ لەم "**وتار**"ەدا بە توندیی ڕەخنە لە کۆمەڵگای مۆدێرن دەگرێت و دەڵێت، بوونی حاڵەتی ڕکابەرایەتی(ڕەقابەت) لەم کۆمەڵگایەدا دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ڕەسەنایەتی کەسەکیی و، نایەکسانییە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکانیشی بە لە ناوبردنی خودموختاریی تاک، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئازادیی کەسەکیی. چەند جۆرێک لە لیبراڵەکان هاوسۆزیی و هاودڵیی خۆیانیان بۆ ڕۆسۆ دەرخستووە و لە ناو بیر و ڕاکانیدا گرینگیدانی لە ڕادە بەدەری [ڕۆسۆیان بۆ] ئازادیی کەسەکیی و حکوومەتی یاسا و هەروەها باوەڕمەندیی بە جیاوازیی لیبراڵیی نێوان ئازادیی و بێسەروبەرییان بەدیی کردووە. لیبراڵیزمی ڕۆسۆ جۆرە لیبراڵیزمێکی کەماڵگەرایانەیە کە تیایدا ئەگەرچی ئیرادەی گشتیی، ڕەهەندی ئاکاریی بە خۆوە دەگرێت، بەڵام هەمیشە لە ژێر پرسیار و گومانیشدایە. کەواتە ئیرادەی گشتیی، پێویستیی بە ئازادیگەلی تەقلیدیی لیبراڵیی هەیە، لەوانە ئازادیی ڕادەربڕین،

---

[٤٩] - پێچەوانەی تاکخوازی/تاکگەرایی.

ئازادیی فکر، ئازادیی چاپەمەنیی و... کەواتە بە گوێرەی جەوهەری سیاسی باسەکان، جێی سەرسووڕمان نییە ئەو ڕستە قرتێندراوانەی ڕۆسۆ کە لە »بەرپێی ژووری سانسۆر«دا[٥٠] داکەوتوون، قسە و باسی زیاتر سەبارەت بە خولیا و ورکەکانی ڕاڤەکاران دەردەبڕن، وەک لە بارەی خودی "ڕۆسۆ"وە.

ئەگەر ناوبانگی ڕۆسۆ لەبەر خاتری ڕادیکاڵیستبوونی بێت، هۆی ناو و ناوبانگی بورک، لە ئیلهامبەخشبوونی نووسینەکانیدا بوو بۆ مەحافزەکاران. لەگەڵ ئەوەشدا هاوشێوەی ڕۆسۆ، وەک شاگرمەن دەڵێت، بە دەستەوەدانی وێنەیەکی سادە و ساکار لە سەر بورک لە تواناادا نییە. نابێ کاتی زۆر بۆ دەسنیشانکردنی پارادۆکسەکانی ئەو تەرخان بکەین. هاوچەرخەکانی بورک، سەریان سووڕ مابوو لە وەرچەرخانی کتوپڕیی ئەو لە ویگێکی پێشڕەوەوە بۆ دوژمنێکی تووڕە و هەڵچووی شۆڕشی فەرەنسا. نەک تەنها بورکێکی «گەنج» و بورکێکی «پیر»مان هەیە، بەڵکوو تەنانەت بەناوبانگترین بەرهەمیشی واتە **تێڕامانێک سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا**، هەم لە ڕوانگەیەکی وردبینانەی بیرلێکراوانەوە نەنووسراوە و، هەمیش هێڵێکی ئەرگۆمێنتیانەی وردبینانەی تێدا ڕەچاو نەکراوە. کەواتە جێی سەرسووڕمان نییە ئەگەر ژمارەیەک لە ڕاڤەکارانی بورک بە دوالیتەیەکی پارادۆکسیکاڵی لە قەڵەم دەدەن کە ئەندێشە ئابووری و سیاسییەکانی، لە سەر بنەماگەلی پارادۆکسیکاڵی لیبراڵیی و مەحافزەکارانەوە ڕاوەستاون. ئەو بە ڕواڵەت هەم ڕەخنەکار و هەمیش پشتیوانی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بوو کە لە ئارادا بوو و، لە هەمان کاتیشدا هەم ڕەخنەکار و هەمیش پشتیوانی ئەریستۆکراسی و بۆرژوازیی بوو. هەر ئەوەش سەری لە ڕاڤەکاران شێواندووە کە ئایا ئەو، مەحافزەکارێکی لیبراڵ بوو یان بە پێچەوانەوە لیبراڵێکی مەحافزەکار! بەڵام ڕاڤەکارانی تر کە لێکدانەوەکانیان لە سەر بنەمای بەستێنی مێژووییە، لەو باوەڕەدان کە هەر چۆنێک بێت ئەم دوو "بورک"ە هەر یەک کەسن، بە تایبەت ئەگەر ئابووریی بازار بە بەشێک و لایەنێک لە نەزمی تەقلیدیی(=تradیشناڵ) بە ئەژمار بێنین. "بورک"ێکی تۆکمەتر لە لایەن ئەو ڕاڤەکارانەوە دەرخستە دەکرێت کە جەخت لە سەر ئەو ڕەهەندە لیبراڵییەی

[٥٠] - لە ڕاستیدا وتراوە ژووری پیاچوونەوە، یان edit home، بەڵام بە گوێرەی ناوەڕۆکی دەقەکە، پێدەچێت مەبەست هەمان سانسۆر بێت. و. ک.

دەکەنەوە کە بە گژ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا دەچێتەوە. ئەم دژایەتیکردنەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، سەرچاوەی هەموو بۆچوون و بیر و ڕا سیاسییەکانی بورک بوو، هەر چەند هەندێک جار ناچار بوو باوەڕە ڕاستەقینەکانی خۆی بشارێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوانەش کە بورک بە کەسێکی نالیبراڵ لە قەڵەم دەدەن ـ چوونکە دژە دیمۆکراسیی بوو و بەرامبەر بە «خەڵکی کافری ڕەشۆکی» و جوولەکەکان و بێدینەکانیش کەسێکی نالێبوردە بوو ـ، تەنگ بەم لایەنەی بورک هەڵدەچنن.

ئەو ڕاڤەکارانەی کە هەوڵیان داوە لە کرۆکی مەحافزەکارانەی بورک تێ بگەن، سەبارەت بە حەزی ئەو لە تیۆرە ئەبستراکتەکان تووشی دڕدۆنگیی بوونە. هەندێکیان، کاتێک باسی توانای ئەقڵ بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤ لە گۆڕێدا بووبێت، بە گومانکارێکی نموونەییان هاتۆتە بەر چاو، بەڵام کەسانێکی تر، ئەویان وەک مەحافزەکارێکی داکۆکیکاری یاسای سروشتیی بینیوە کە ڕوانگەکانی لە سەر بنەماگەلی متافیزیکیی وەرگیراو لە ئەرەستۆ و "ئاکویناس"ەوە ڕاوەستاون. ئەم تێڕوانینە لە لایەن کەسانێکەوە ڕەت کراوەتەوە کە جیا لە ئاماژەکردن بە دژایەتیی ئەو لەگەڵ تیۆرسازیی پەتییدا، چاویان لە جەختکردنەکانی ئەو بووە؛ سەرەتا لە سەر جۆری کامڵبوونی(تەکوین) خۆڕسکیی یاسا بنچینەییەکان لە شێوەی دەرکەوتەگەلی نەخوازراودا و، دواتریش لە سەر ڕۆڵی ڕێبەرایەتی پراگماتیستییدا[51]. جیا لەوەش بورک زۆر جار بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی لەباربوونی هەر یاسایەکی بنچینەیی، کەڵک لە پێوەرگەلی قازانجخوازانە[52] وەردەگرێت. هەروەها هەندێک ڕاڤەکاریش هەن ـ ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی تیۆری ئەدەبیدا ـ کە هەوڵ دەدەن گرینگیی بە هیچ کام لە ڕوانگە سیاسییەکانی بورک نەدەن. لە ڕوانگەی ئەم ڕاڤەکارانەوە، ئەو تەنها و تەنها پەیڤوان یان درامانووسێکە کە جیهان بە بەرچاوییەوە سەکۆیەکی شانۆیە و هیچی تر. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەو هەموو وێنە جۆراوجۆرانەی لە سەر بورک ئاراستە دەکرێن، ورکە ئەمرۆژینەکانی زۆرێک لەم ڕاڤەکارانە، بە تایبەت ئەوانەی کە

---

[51] - pragmatism؛ ئەنجامگەرایی، ئەنجامخوازیی. و.ک.

[52] - utilitarianism؛ فایدەگەرایی، قازانجخوازیی. و.ک.

دەیانەوێ لە پێناوی ڕوانگە دژەڕادیکاڵەکانی «جەنگی سارد»دا کەڵکی لێ وەربگرن، هێندەش لە یەکتریی دوور نین.

حەزکردن لە نووسینە سیاسییەکانی کانت و ئاڵۆزێتییەکانی، دیاردەیەکە لەم دواییانەدا هاتۆتە ئاراوە. شتێک کە پەرەی بەم حەزە دا، قەرزاربوونی ڕاوڵز بوو بەرامبەر بە کانت و، هەروەها پێویستیی تێڕامان لە دەرەنجامە بەهادارەکانی "جیهانیبوون"، بە تایبەت لە ڕوانگەی دادپەرەوریی سەروونەتەوەیی و جۆرەکانی تری "جیهان نیشتمانیی" بوو. هەر چەند کانت، وەک کاترین فلیکشۆ دەڵێت، بیرمەندێکی وردبین و کارامە و تۆکمە بوو، بەڵام وامان لێ دەکات بتوانین ڕاڤەگەلی جیاوازی لە سەر بکەین، ئەوەش بەندە بەوەوە کە جەخت لە سەر کامیەک لە توخمەکانی فەلسەفەکەی بکەین ـ مەعریفەناسی یاخود فەلسەفەی ئاکارەکەی. تا ئەمڕۆ لانیکەم پێنج قوتابخانەی ڕاڤەکاریی بوونیان هەبووە. قوتابخانەی یەکەم دەڵێت کانت سیاسەتی بە جۆرێکی ئاوها لە ئاکار جیا دەکردەوە کە بتوانێت خوێندنەوەیەکی هۆبزئاسا (هاوشێوەی هۆبز) لە سەر پاڵنەری سیاسی بە دەستەوە بدات، واتە، خوێندنەوەیەکی لە سەر بنەمای خودکامیی[٥٣] ئەقڵانیی. ڕەوادریی[٥٤] دەوڵەت، قازانج بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەینێت تاکوو ڕەهەندە ئاکارییەکانی دادپەروەریی بە جێ بهێنێت و، پەیمانێکی کۆمەڵایەتیش بە مەبەستی گەرەنتیکردنی ئازادیی تاکەکان لە هەمبەر یەکتریدا زەروورەت پەیدا دەکات و، بەتەوەربوونی خودکامیی لە ژیانی سیاسیدا دواجار دەبێتە هۆی بەرگریکردنی لە «فیدراسیۆنی کۆمارە ئازادەکان» لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لە بری حکوومەتی جیهان. لە ڕاڤەی دووهەمدا جەخت لە سەر ڕەهەندی ئاکاریی پاڵنەرەکە دەکات. هەر چەند تیۆری سیاسی کانت دەخرێتە ڕیزی تیۆرە پەیمانیی(گرێبەستیی)ەکانەوە و لە تیۆرەکەیدا جەخت لە سەر جیاوازیی سیاسەت لە ئاکار دەکرێتەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە بە جیاوازییەکی ناو هەناوی فەلسەفەی ئاکار لە قەڵەم دەدرێت. کەواتە

---

[٥٣] - ئەم وشەیە «self conceit» چەمکێکی فەلسەفییە و تا ڕادەیەک لە »خودشەیدایی»ەوە نزیکە واتە نەرگسییەت، بەڵام جیاوازییەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە »خودکامیی»دا تاک بە هەموو شتێکی خۆی ڕازییە و بۆ کەسی تری بە ڕەوا نازانێت. واتە هەموو ئەو شتانەی کە پێی ڕازییە، تەنها بۆ خودی خۆی دەیهەوێت و حەز ناکات کەسی تر لەو شتانەی ئەو بەهرەمەند بێت. و. ک.

[٥٤] - واتە بە ڕەوا زانینی هەموو شتێک بۆ هەموو کەس بەبێ جیاوازیی و هەڵاواردن. و.ک.

فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت لە ڕووی ئاکارییەوە، لە سەر بنەمای سەقامگیرکردنی پرەنسیپی گشتیی دادپەروەریی دادەمەزرێت، پرەنسیپێکی گشتیی کە »پرەنسیپی خود ـ یاسادانان»ە. مافی موڵکایەتی لە سەر بنەمای بە ڕەسمییەت ناسینی دوو لایەنەی ئەم پرسەیە لە لایەن هەموو شارۆمەندانەوە، کە ئەم مافەش زەروورەتی هەیە بۆ ئازادیی دەرەکیی(ئازادی دەرەوە). ئەندێشەی "جیهان نیشتمانیی" ئاشتییە سەقامگیرەکەشی، لە سەر بنەمای پاڵنەرێکی زەروریی ئاکارییە بۆ پاراستنی دام و دەزگاکانی ئاشتیی.

لە قوتابخانەی سێهەمدا ڕاڤەکاریی غایەتمەندانەش[٥٥] لە سەر بنەمای جیاوازیی نێوان سیاسەت و ئاکاردا ڕاوەستاوە. لەم ڕاڤەکارییەدا سیاسەت «هێزێکی یاریدەدەر»ە بۆ وانەی ئاکاریی «ئامانجبوون لە خود»دا. دەوڵەت یارمەتیی تاکەکان دەدات تاکوو ئازادیی خۆیان دەستەبەر بکەن و وەها دەوڵەتێک لە سەر بناغەی پەیمانی کۆمەڵایەتی خودکامانە بنیات نەنراوە، بەڵکوو دەرەنجامی هێنانەئارای دەرەتانی ئۆبژێکتیڤە بۆ تاکەکان، بە مەبەستی چەسپاندن(بەدیهێنان)ی خۆیان. ڕۆڵ و کاریگەریی ڕوانینی غایەتناسانە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیار و بەرچاوە و، بە پێی ئەو ڕوانینە، "جیهان نیشتمانیی"، بەرهەمێکی مێژوویی مرۆڤە کە بە دوای ئاشتیدا دەگەڕێت و هەروەها دەرەنجامی تێڕامانی بە کۆمەڵە لە دەرەنجامەکانی جەنگ و ڕکابەرایەتی. ڕاڤەکارییەکی دیکە، کانت بە هەڵگری دوو تیۆریی ڕاسپاردن(تەکلیف) دەزانێت کە بیروڕای «ڕاستەقینە«ی بە گوێرەی یاسای سروشتیی دەردەبڕێت نەک بە گوێرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی. تەکلیفی سیاسی، لە تەسەورکردنێکی موڵکایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە موڵکایەتی بە دەرەنجامی بە ڕەسمییەت ناسینی دوو لایەنەی «نیازە گرینگەکان»ی[٥٦] هەمووان دەزانێت کە »ئیرادەیەکی سروشتیی» پێک دێنێت کە ئیرادەی گشتیی دەتوانێت لە سەر ئەم ئیرادە سروشتییەوە بنیات بنرێت. هەروەها «نیازە گرینگەکان» دەبێتە بنەمایەک بۆ مافی نیشتمانیی دەوڵەتەکان[واتە سەروەریی خاک و نیشتمان] لە هەمبەر دەوڵەتەکانی دیکەدا و، هەروەها مافی

---

[٥٥] - ئامانجمەندانە. و.ک.

[٥٦] - survival needs

موڵکایەتیی ئەو کەسە بیانییانەی کە چوونەتە ناو هەرێمی دەوڵەتێکی ترەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵە و سەوداگەلی ئاشتیئامێز لە نێوان دەوڵەتەکاندا، دەبێ لە سەر بنەمای قبووڵکردنی خۆبەخشانەی بنەماکانی دادپەروەریی بێت کە ئەم بنەمایانەش لەگەڵ پێویستییەکانی یاسای سروشتیدا دێنەوە و، تەنها کۆمارەکان دەتوانن ئەم کارە ڕایی بکەن. دوایین ڕاڤەکاریی، کە ڕاڤەکارییەکی «پێکهاتەخوازانە«[٥٧] لە سەر "کانت"ە و، هەڵقوڵاوی تێڕوانینی جیهان نیشتمانییە و، حوکمی ڕەهای ئەو بە سەر پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکاندا دەسەپێنێت. ئەمە بە واتایەک دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەو شتەی کە بە »سیاسەتی دەرەکیی ئاکار» ناودێر دەکرێت، کە تیایدا درۆ و زۆرەملێ(ئیجبار)، بە ناچار بەرەوڕووی پارادۆکسێکی لۆژیکیی دەبنەوە.

وەکوو نەریت، بە پێچەوانەی کانت، هێگڵ بە بیرمەندێکی نالیبراڵ و داکۆکیکاری حکوومەتی ڕەهای پرووسیی سەدەی نۆزدەهەم و ڕەخنەکاری شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا دەزانن و لە سەردەمی «جەنگی سارد»یشدا بە دوژمنی «کۆمەڵگای ئازاد» لە قەڵەم دەدرا. وەک تۆنی برۆنز دەڵێت، ئەم جۆرە ڕوانینە لە هێگڵ چەندین هۆکاری هەیە و لە چەندین ڕێگاشەوە دەتوانرێت داکۆکیی لێ بکرێت. لە ئاستی متافیزیکدا، ئایدیالیزمی فەلسەفی هێگڵ ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ئەو هیچ ڕوانینێکی ڕەخنەکارانەی[٥٨] بەرامبەر بە واقیعیەت نییە و کەواتە کەسێکی مەحافزەکارە؛ ئەم خاڵە لەو پەڕی ڕاشکاوییدا لەم فۆرموولەدا خۆی دەرخستووە کە «هەر شتێک ئەقڵانی بێت واقیعییە و، هەر شتێکیش واقیعی بێت ئەقڵانییە«. دەرەنجامی لۆژیکیی ئەم فۆرموولە بۆ هێگڵ ئەوە بوو کە پرەنسیپە ئاکاریی و سیاسییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی پرووسیی، بە هێمایەک بۆ «کۆتایی مێژوو» لە قەڵەم دا. هێگڵ لە »**فەلسەفەی حەق**»دا لە دژی دیمۆکراسی و ئەو «خوێڕی و سەرسەرییە« نەزانە لەخۆباییانەی کە ڕێبەرایەتی سەردەمی ترس و تۆقانی شۆڕشی فەرەنسایان کردبوو دەوەستێتەوە و، داکۆکیی لە حیکمەتی یاسادانەرانەی بوروکراسی دەکات. ئەگەر چی هێگڵ لێبڕاوانە داکۆکیی لە موڵکایەتی

---

٥٧ - ستراکچراڵیستی.

٥٨ - critical؛ ڕەخنەگرانە. و.ک.

تایبەت(خسووسیی) دەکرد و بە بناغەی ئازادیی کەسەکیی و «کەسایەتی»[٥٩] دەزانی، بەڵام دەتوانرێت لەو ڕووەوە بە کەسێکی نالیبراڵ بهێنرێتە ئەژمار کە دژی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لیبراڵیی و ئەندێشەی ئازادیی بوو ـ ئازادی بەو واتایە کە هەر کەسێک چۆنی پێ خۆشە وا بکات ـ و، داکۆکیی لەم تیۆرە دەکرد کە ئازادیی بە واتای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانە و، بە شێوەیەکی لێبڕاوانە پێی وا بوو کە دەبێ تاک ملکەچی دەوڵەت بێت.

بەڵام بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو، هەندێک لە ڕاڤەکاران وێنەیەکی لیبراڵییان لە سەر هێگڵ بە دەستەوە داوە. بە پێی ئەم خوێندنەوەیەی سەر هێگڵ، هێگڵ داکۆکیکاری حکوومەتی مەشرووتە[حکوومەتی یاسا] و سەروەریی یاسا و دەوڵەتێکی «ئەقڵانیی» بووە و، داکۆکییەکانیشی لە سەر بنەمای یاسای سروشتیی و مافی سروشتیی بووە و، لەم گۆشەنیگایەوە ڕوانگەکانی زۆر لە لۆکەوە نزیکن. لەم ڕاڤەکارییەدا هێگڵ لانیکەم هێندەی کە شۆڕشی فەرەنسا پشتگیریی لە «مافی مرۆڤ» دەکرد، داکۆکیی لێ دەکات. لە بیست ساڵی ڕابردوودا هەندێک لە ڕاڤەکاران تەنانەت پێشیان لەوە ترازاندووە و ئەویان بە دیمۆکراتێکی لیبراڵ، پشتیوانێکی شۆڕشی فەرەنسا، تەنانەت لە قۆناغی تەکامول(بلووغ)ی فکرییدا، وێنا کردووە. ئەوان هەروەها بە پێی مۆدێلی ڕاڤەکارانەی مارکس و ئەنگڵس لە سەر هێگڵ، جیاوازیی لە نێوان میتۆدی دیالێکتیکیی و سیستمە متافیزیکییەکەیدا قایل دەبن و دەڵێن ئەو کە ئایدیالیست بوو، بەم دەرەنجامە گەیشتبوو کە مێژوو هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ئەو وەسفکردنەی کە لە "**فەلسەفەی حەق**"دا هاتووە، گەلاڵەیەکی خێرایە لە سەر باشترین دەوڵەتێک کە تا ئەو سەردەمە لە پرۆسەی کامڵبوونی مێژووی جیهاندا هاتبێتە ئاراوە. لانیکەم ڕاڤەکارێک، بە جیاکردنەوەی ئایدیالیسمی متافیزیکیی هێگڵ لە ڕاپۆرتە بە ڕواڵەت ماتریالیستییەکەی ئەو لە سەر سیاسەت و مێژوو، ئەم بۆچوونەی ئاراستە کردووە کە هێگڵی شاراوە لەبەر چاوی مارکسەوە، کۆمۆنیستێکی ڕەمزیی بوو کە لە یەک کاتدا ڕەخنەی لە موڵکایەتی تایبەت و پێوەندییە هاوپێچەکانیشی دەگرت.

---

[٥٩] - personatity

ناتوانین ئەم فرەچەشنییەی ڕاڤەکان بە تەنها بخەینە پاڵ ڕوانگە و حەز و خولیاکانی خودی ڕاڤەکارەکان، بەڵکوو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەڵک لێوەرگرتنی تەمومژاوییانە و دوو ڕەهەندیی هێگڵ لە زمان، وەک چۆن لە فۆرموولی «ئەو شتەی کە ئەقڵانییە واقیعییە و، ئەو شتەی کە واقیعییە ئەقڵانییە«دا دەتوانین بەدیی بکەین. دووهەم، ئەم شێوە دیالێکتییەی بە سەنتێزکردنی هەوڵوێستە جۆراوجۆرەکان، بەم مانایەیە کە ئەو هەرگیز ڕاشکاوانە داکۆکیی لە ڕوانگەیەک نەکردووە و هەرگیزیش ڕەتی نەکردۆتەوە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕاڤەکاران بتوانن بە گوێرەی جەختکردنەکانیان هەڵوێستگەلی جۆراوجۆر بنوێنن و، دواجاریش مەبەستەکەی هێگڵ ڕاستەوخۆ لە نووسینەکەیدا هەڵناکرێنرێت، چوونکە هێگڵ لە بەستێنی مێژوویی و سیاسی حکوومەتی ڕەهای «پرووسیی»دا هیچ چارەیەکی تری نەبووە جگە لە گواستنەوەی واتای مەبەستەکانی بە زمانی ڕەمز و هێما.

سەبارەت بە میل نابێ بە دوای هەڵێنجانی تەمومژەکانی ناو دەقەکانییەوە بین. زۆرێک لە ڕاڤەکاران باسیان لە گرژێتیی و ئاڵۆزێتییەکی خەست کردووە کە لە "**نامیلکەی ئازادی**"دا لە نێوان حەزی قازانخوازانەی میل بەرامبەر بە پرەنسیپی زیاترین شادمانیی(کە بەرهەمی پابەندبوونی بووە بە فێرکارییەکانی باوکی) و، باوەڕمەندیی تەواوەتیی بە ئازادیی کەسەکیی و لێبوردەییدا هەیە، ئەویش لە جیهانێکدا کە گەشەسەندنی دیمۆکراسی، یەکدەستکردنێکی کوشندە(وەڕسکەر) دەسەپێنێت. وەک جاناتان سیگلۆ ئاماژەی پێ دەکات، زۆرێک لە باس و مشتومڕەکانی سەر مانای «پرەنسیپی زیان»، هەڵقولاوی تێڕوانینی ئیختیارگەرایانە، یان قازانخوازانەیە بەرانبەر بەو جیاوازییەی کە میل لە نێوان کردەگەلی ڕوو لە خود و کردەگەلی ڕوو لە ئەویدی، قایل دەبێت. هەر چەند هەندێک لە ڕاڤەکاران، "میل"ی قازانخواز یان "میل"ی ئیختیارگەرا بە "میل"ی ڕاستەقینە دەزانن، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان بە گرژ و ئاڵۆزییەکی ڕەسەن یان ڕواڵەتیی لە نێوان ئەم دوو پرەنسیپەدا هەیە. ئەوەی وەک نەریت هەیە ئەوەیە کە پارادۆکسێکی بەرچاو و ئاشکرا لە "میل"دا هەیە. بۆ نموونە لە ئەرگۆمێنتی ئەودا «زیانێکی ئاکاریی» بوونی هەیە کە بە پێی لۆژیکە ئیختیارگەرایانەکەی ئەو، نابێ بوار بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت یان کۆمەڵگا سەبارەت بە کردە یان سەلیقەی

تاکەکان برەخسێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی لۆژیکی قازانجخوازیی، کە میل خۆی بە پابەندی دەزانێت، دەبێ حیساب بۆ هەموو زیان و زەرەرەکان بکرێت. ژمارەیەک قوتابخانەی ڕێڤیزیۆنیسم(پیاچوونەوەخواز[٦٠]) سەریان هەڵداوە کە وێنەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک لە سەر میل بە دەستەوە دەدەن. کەواتە بۆ نموونە کاتێک میل پشت بە "پرەنسیپی زیان"ەوە دەبەستێت، بە تەنها، مەبەستی لە زیان بەرکەوتنی «بەرژەوەندییەکان»ی دیترانە. لە ڕاڤەیەکی تردا ئەم بۆچوونە ئاراستە دەکرێت کە لۆژیکی قازانجخوازیی میل، بە واتای ڕەفتارێکی تێکەڵ بە ڕێز و حورمەت و خۆشویستنی هەمووانە بە ڕێژەیەکی یەکسان. کەواتە نابێ حیساب بۆ ئەو «ئەولەوییەتە دەرەکییانە«ی بکرێت کە لە سەر بنەمای ئەو باوەڕە ئاکارییەدا ڕاوەستاون کە دەبێ نەک تەنها لەگەڵ "خود" بەڵکوو لەگەڵ دیتراندا، چۆن ڕەفتار بکرێت. کەواتە دەبێ ئازادیی و دەرفەتەکانی هەموو کەسێک لە هەمبەر وشکەڕۆیی(دەمارگرژیی) دیتراندا بپارێزرێت. ڕێگەچارەیەکی قازانجخوانەی دیکە ئەوەیە کە ڕەفتاری دووربەندێشانە و جوانیناسانە[٦١] لە بواری کەسەکیی و تایبەتدا بە بەرزکەرەوەی ئاستی شادمانیی بزانین و، ڕەفتاری ئاکارییش کە شادمانیی دیتران مسۆگەر دەکات و، بە تەواوەتیی قەڵەمڕەوی ڕەفتاری دیتران دەگرێتەوە، بە بەرزکەرەوەی شادمانیی لە بواری گشتیدا لە قەڵەم بدەین. هەوڵێکی تا ڕادەیەک مەحاڵی دیکەش ئەم پێشنیارە بوو کە لە ڕوانگەی "میل"دا ئازادیی کەسەکیی و شادمانیی کەسەکیی، پێوەندیی لێکنەبڕاوەیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. پرەنسیپی «زیان» کاتێک بە کەڵک دێت کە بەرژوەندیی کەسەکیی، خودموختاریی و هەروەها ئاسایشیش بگرێتەوە کە هەر دوکیشیان بۆ شادمانیی پێویستن.

زۆرێک لە ڕاڤەکارە هاوبیرەکانی مارکسیش بەم شێوەیە جۆرێک لە ئەرکی ڕزگارکردنیان وە ئەستۆ گرتووە، بەڵام لە بەستێنی ڕەخنەگەلی دوژمنکارانە و پڕ لە ڕق و کینەی دژەمارکسیستیدا. وەک جوڵز تاونزند دەڵێت، پانتای ڕاڤەکانی سەر مارکس، تەواو ڕەنگ و بۆنی سیاسییانەی بە خۆوە گرتووە، چوونکە مارکسیزم لە بەشێکی زۆری سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیک بووە. لە ئەنجامدا دوو

---

[٦٠] - revesionniste؛ و.ک.

[٦١] - estheiqe. و.ک.

شێوازی جیاوازی ڕاڤەکاریی دژ بە یەک، کە زۆر جاریش تێکەڵ بە مەیلی سیاسی بوونە، سەریان هەڵداوە: «مارکسی دەقاودەق حەقیقەت» و «حەقیقەتی مارکس». فەیلەسووفان حەزیان کردووە بانگەشەکانی مارکسیزم بە تایبەت بیر و ڕاکانی خودی مارکس بە وردیی بخەنە ژێر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە. کەواتە بەر لە هەموو شت بانگەشەی زانستیبوونی تیۆرەکەی مارکس سەبارەت بە مێژوو، کە بە «ماتریالیزمی مێژوویی» ناسراوە، دەکەوێتە چەقی لێوردبوونەوە و گرینگیپێدانەوە. ڕەخنەکارانی مارکس دەڵێن ماتریالیزمی مێژوویی، شتێکی نازانستییە چوونکە «پووچەڵ ناکرێتەوە«، یان پارادۆکسیکاڵە، چوونکە واتای چەمکە بنەڕەتییەکان و پێوەندیی نێوان ئەم چەمکانە ناڕوونن و بۆ قبووڵکردنیش ناشێن، ئەوە لە کاتێکدایە داکۆکیکارانی مارکس، یان دەڵێن مارکس بیرمەندێکی پراگماتیست بووە یان لە ڕووی میتۆدۆلۆژیکەوە کەسێکی پلوورالیست بووە. ئەوانەی تریش کە داکۆکیی لە زانستیبوونی مارکس دەکەن، بەم جۆرە داکۆکیی لەم تیۆرە دەکەن کە دەڵێن ئەو پێکهاتەخواز یان کارکردخواز[فانکشناڵیست] بووە. بەڵام ژمارەیەکی تر لە داکۆکیکارانی مارکس، ڕەنگە بەم مەبەستە کە پێگەی زانستیی و ڕابردووی ماتریالیزمی مێژوویی - چوونکە ئایدۆلۆژیای تۆتالیتریی یەکێتی سۆڤییەتی بە بیر دێنایەوە - کاڵتر بکەنەوە، جەخت لە سەر ئاراستەی ئەزموونییانەی ئەو بۆ تێگەییشتنی مێژوو و کۆمەڵگا و هەروەها ئایین بە پشتبەستن بە هێگڵ، بە تایبەت لە سەر میتۆدۆلۆژییە دیالێکتیکییەکەی دەکەنەوە. لە ڕاستیدا ڕاڤەکارە هاوبیرەکانی مارکس ڕەنگە بە مەبەستی بنیاتنانەوەی مارکسیزمێکی ناسۆڤییەتانە، زۆر جار تەنانەت وایان لێ دێت کە بە تەواوەتیی بانگەشەی نازانستیبوونی مارکسیزم دەکەن و مارکسی ڕاستەقینە بە فەیلەسووفێکی سیاسی، تیۆرسیەنی [تیۆری] «بە خۆ نامۆبوون» و تیۆرسیەنێکی ئازادیی مرۆیی لە قەڵەم دەدەن. ئەم هێڵی ڕاڤەکارییە لە هەمان کاتدا هەندێک دیمەنمان دەخاتە پێش چاو کە کەمتر ڕەنگ و بۆنی سیاسییان پێوەیە و، هەر هێندە خۆی بە مارکسەوە خەریک دەکات کە تیۆرسیەنێکی "لایەنگری بەها" بووە. کەواتە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ڕاڤەکاریی، یان جەخت لەسەر «زانستییبوون»ی مارکس دەکەنەو، یان «ئاکارییبوون»ی مارکس و؛ لە ئەنجامدا ئەم مشتومڕە دێتە ئاراوە کە تەکامولی فکریی ئەو بە چ

شێوەیەک بووە و، ئایا "مارکس"ی «گەنج» "مارکس"ی «ڕاستەقینە« بووە یان "مارکس"ی «پیر»؟

دیارە خودی مارکس پەرە بە هەموو ئەم پارادۆکسە ڕاڤەکارییانە دەدات، هەر چەند لەوانەشە نەخوازراو و نائاگایانە. لە بەرهەمەکانی ئەودا گرژ و ئاڵۆزییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان سەرچاوە هێگڵیی و غایەتناسانەکانیدا ـ ئەم ئەندێشە کە «مێژوو»، غایەت(ئامانج)ێکی هەیە ـ و پابەندبوونیشی بەرامبەر بە توێژینەوەی کراوەی ئەزموونیی و، هەروەها گرژ و ئاڵۆزییەک هەیە لە نێوان پابەندبوونی بەرامبەر بە تێگەییشتنی جیهان بە شێوەیەکی زانستیی و ئۆبژێکتیڤ و، پابەندبوونی ئاکاریی و سۆبژێکتیڤ بەرامبەر بە ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا بە دەستی خۆی. کەواتە دەتوانین ئەم ڕاستییەش بخەینە سەر ئەم خاڵانە کە پێناسەکردنی زاراوە بنەڕەتییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی و پێوەندیی تەواوەتیی ماناییان بە یەکترییەوە، یان ناڕوونە یان ناجێگیر. دواجاریش دەبێ ئەوە بڵێین کە لەم کتێبەدا وەکوو هەموو فەیلەسووفێکی دیکە، وێنەیەک لە مارکس بە دەستەوە دەدرێت کە بە دەستڕاگەییشتن بە دەقە سەرەتاییەکان(بەراییەکان)ی مارکس کە پێشتر کەمتر ناسراوبوون، لە بنەوە دەگۆڕدرێت [بە واتایەکی دیکە وێنەیەکی تەواو جیاواز لەوە بە دەستەوە دەدرێت کە تا ئەمڕۆ ناسراوە].

ئێستاش کورتەیەکی سەرجەم ئەو ڕاڤەکارییانەی کە لە سەر بیروڕای بیرمەندان خراوەتە ڕوو، لەم کتێبەدا پێشکەش کراوە. بەڵام هێشتا ئەوەمان نەوتووە کە چۆن نووسەرانی هەر کام لەم وتارانە، لایەنە بەهێز و بێهێزەکانی ئەم ڕاڤەکردنانەیان هەڵسەنگاندووە ـ ڕاڤەگەلێک کە بە هەر حاڵ هەندێکیان بە ئاشکرا بەهێزتر و بەپێزتر لەوانی دیکەن. بەڵام هەر چۆنێک بێت لە ناو هەر کام لەم ڕاڤانەدا بڕێک لە "حەقیقەت" بوونی هەیە کە بڵێسەی باس و مشتومڕگەلی بێکۆتایی، بە داگیرساویی دەهێڵێتەوە. ئەم کتێبە وێنەیەکی گشتییە لە سەر گفتۆگۆیەکی سەرنجڕاکێش و ورووژێنەر کە دەتوانێت لە چەندین ڕەهەندەوە درێژە بکێشێت و لە ئەنجامدا چارەسەرکردنی هەندێک پرسی لێ بکەوێتەوە و هەندێک پرسی دیکەش هەر وا بە چارەسەرنەکراویی بهێڵێتەوە؛ هەندێک پارادایمی تازە بخولقێنێت(کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە، بنەماشکێنیی، یەکێک لەم پارادایمانە دەبێت لە داهاتوودا) و پرسیارگەلێکی تازە بورووژێنێت و، بڕیارگەلێکی سیاسی تازەی لە

جیهاندا لێ بکەوێتەوە کە پێویستیان بە هەندێک هەڵگری[٦٢] تازەی فەلسەفی هەیە. ئێمەش بەشداری گفتوگۆ مێژووییەکانی نێوان ڕابردوو و هەنووکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە «ئێستا»ش بەشێکە لە «مێژوو»، بە هەندێک شتی گرینگی تایبەت بە خۆی و پرسیارگەلی تایبەت بە خۆیەوە. کەواتە ئەو بیرمەندانەی کە لەم کتێبەدا قسە و باسیان لە سەر کراوە، لە داهاتوویەکی دوور یان نزیکدا، ڕەنگە چیدی لەم ئاستەی ئەمڕۆدا هێندە گەورە و گرینگ و وەک چەقی مشتومڕەکان نەمێننەوە ـ و کەسانێکی دیکە گرینگیی زیاتر پەیدا بکەن یان دید و تێڕوانینەکانیان زیاتر بە کەڵک بێت یان تێڕوانینەکان کاراتر بێت، یان لە ڕووی شیکارییەوە بەهێزتر بێنە بەرچاو و، هەموو ئەمانەش بەندە بە هەندێک گۆڕانی ناو بەشدارانی گوتاری سیاسییەوە، چوونکە لەوانەیە ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی نێر، لە چینی مامناوەندیی یان سەروو، سپی پێست و ئەورووپایی، کەمتر و کەمتر ببێتەوە. بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگاکان و بەرەوپێشەوەچوونیان، ئەندێشە سیاسییەکانیش گۆڕانیان بە سەردا دێت و بەرەو پێشەوە دەڕۆن و، چوونکە بیرکردنەوەی سیاسی سەبارەتە بە کۆمەڵگاکان، ڕەنگدانەوەشی کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە و وێنەیەک لە جیهانێک چێ دەکات کە ئێمە تیایدا دەژین و، دەبێتە هۆی ئەوە کە بەردەوام ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئێمەی ئاژەڵی سیاسی، دەبێ بەرەو کوێ بڕۆین و چی بکەین. لەو لاشەوە ئەوە زەمەنە کە پێمان دەڵێت نووسینەکانی کام یەک لەم بیرمەندانە بە ڕاستیی گرینگە و دەرخەری حەقیقەتەکان و ئەرگۆمێنتگەلی بەسوودە بۆ هەموو ئەو نەوانەی کە دەتوانن فۆرم و شێوازی ئەو ئەرگۆمێنتانە بگۆڕن و بیانکەن بە هی خۆیان.

[٦٢] - مەحمل.